# هۆکارەکانی کەمی ڕێژەی یاداشت لە باشووری کوردستان(١٩٠٠-١٩٩١)

# أسباب تدني معدل المذكرات في جنوب كردستان(١٩٠٠-١٩٩١)

# Reasons for the lack of memoir in south Kurdistan(1900-1991)

**عادل صدیق عەلی [١]، کامەران محەمەد قادر [٢]**

[١] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی هەڵەبجە، شاری هەڵەبجە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[٢] بەشی فەلسەفە و توێژینەوە کولتوورییەکان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: adl.ali@uoh.edu.iq

## پوختە

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە هۆکارەکانی کەمی ڕێژەی یاداشت لای کوردی باشوور لە نێوان ساڵانی (١٩٠٠-١٩٩١) دەکات کە بووە بە گرفت و لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم توێژینەوەکردن لە مێژووی هاوچەرخی کورد، بەوپێیەی کە ئەم جۆرە لە نووسین لە کەرەستە سەرەکیی و بنەڕەتییەکانی نووسینەوەی مێژووە. لێکۆڵینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا، باسی یەکەم بۆ فاکتەرە خودییەکان تەرخانکراوە، واتە ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە کورد خۆیەوە و هۆکاربوون بۆ کەمی ڕێژەکەی لەو قۆناغەدا، باسی دووەمیش بۆ هەڵوێستەکردن لەسەر هۆکارە بابەتییەکان تەرخانکراوە، واتە ئەو لەمپەرانەی کە لە دەرەوەی خواست و دەسەڵاتی کورد خۆی بوون و بوون بە ڕێگر لە بەردەم نووسینەوەی زۆرترین یاداشت لە لایەن چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە.

**وشە (دەستەواژە) باوەکان:** (یاداشت، کورد، نەخوێندەواری، نەزانی و کەمتەرخەمی، هەلومەرجی سیاسی، سانسۆر)

## الملخص

يتحدث محتوى هذه الدراسة عن أسباب قلة تدوين المذكرات عند الكورد في جنوب كوردستان بين عامي (١٩٠٠-١٩٩١) والتي أصبحت مشكلة وعقبة رئيسية أمام دراسة التاريـخ المعاصر للكورد، لأن هذا النوع من الكتابة هو أحد الأدوات الرئيسية لكتابة التاريـخ. تنقسم الدراسة إلى قسمين رئيسيين ، المبحث الأول مخصص للعوامل المتعلقة بالكورد نفسه، وساهم في انخفاض نسبة تلك الكتابات في تلك المرحلة. المبحث الثاني يسلط الضوء على الأسباب الموضوعية الخارجة عن إرادة و سلطة الكورد أنفسهم، وأصبحت عقبة أمام كتابة عدد كبير من المذكرات من قبل قطاعات مختلفة من المجتمع الكوردي.

**كلمات المفتاحية:** (مذكراة، الكورد، الأمية، الجهل والأهمال، ظروف سياسية، رقابة)

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە: گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10513 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/١/١٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٣/٢٩ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٣/٣١ |
| ئیمەیلی توێژەر | adl.ali@uoh.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ عادل صدیق عەلی، کامەران محەمەد قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

This paper attempts to discuss the reasons for the Southern Kurdish people's absence of memoirs between 1900 and 1991, which has become a problem and a significant barrier to researching contemporary Kurdish history because this kind of writing is an important and fundamental tool for writing history. The study is devided into two sections. The first section is devoted to the subjective causes, the ones that are specific to Kurds themselves and contributed to the scarcity of memoirs throughout the aforementioned time. The second section focuses on the objective factors, those that were byond Kurdish power and intentions and became barriers infront of writing most memoirs by different sections of Kurdish society.

**Keywords:** (kurd, memoir, illiteracy, ignorance and negligence, The political situation, Sansor)

## پێشەکی

بۆ نووسینەوەی مێژووی هەر گەل و ناوچەیەك مێژوونووس کەڵك لە کۆمەڵێك کەرەستەی جۆراوجۆر وەردەگرێت، بیرەوەریی و یاداشتەکان لەو کەرەستە بنچینەیی و بەسودانەن کە دەکرێ مێژوونووس زانیاری گرنگ و پڕ بایەخیان لێوە چنگ بکەوێت. بۆ کورد کە لە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ و لەژێر سایەی دەسەڵاتی داگیرکەردا ژیاوە ئەم کەرەستە بایەخ و گرنگییەکەی زیاترە، ئەگەرچی بێ گرفت و سەرئێشەش نییە.

سەدەی ڕابردوو کە بۆ کورد قۆناغی گۆڕانکارییە گەورە و یەکلاکەرەوەکان و درووستبوونی دەیان پارت و ڕێکخراو و چەندین شۆڕش و جوڵانەوە بوو، دەبوو سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانی کورد زۆرترین یاداشت و بیرەوەرییان تۆمار بکردایە، بۆئەوەی ئەو قۆناغە مێژووییەش وەك قۆناغەکانی دیکەی ڕابردووی گەلی کورد هێندە تاریك و ناڕوون نەبوایە، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕێژەی کە نووسراوەتەوە هەرگیز لە ئاست ئەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییەدا نییە کە بەسەری هاتووە. هۆکارەکانی کەمی بیرەوەرییەکانیش لەو قۆناغەدا دوو لایەنەن، لایەنێکیان پەیوەندی بە خودی کورد خۆیەوە هەیە و ئەوی دیکەشیان پەیوەندی بە ئەو بارودۆخە سیاسییەوە هەیە کە لە عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبووە.

بەکورتی، دەسەڵاتی داگیرکەر لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەری بینیوە، بەشێوەیەك هەندێك لە هۆکارە خودییەکان هۆکارە بابەتییەکان ڕۆڵیان لە دروستکردنیاندا بینیوە، لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین بەوردی شرۆڤەی بابەتیانەی هۆکارەکانی کەمی ڕێژەی یاداشت و بیرەوەرییەکان لە باشووری کوردستان بکەین.

گرنگی توێژینەوەکە: بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بۆ یەکەمین جارە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە تیشك دەخرێتە سەر فاکتەرە خودیی و بابەتییەکانی پشت کەمی نووسینەوەی بیرەوەری لای کوردانی باشوور لەو قۆناغە مێژووییەی کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: بیرەوەرییەکان شانبەشانی کەرەستەکانی دیکە یەکێکن لە ماتریاڵە سەرەکیی و گرنگەکانی نووسینەوەی مێژووی هەر گەلێك، نەخاسمە ئەگەر بە بێلایەنی و ڕاستگۆییەوە بنووسرێنەوە، لەو ڕوانگەوە لێکۆڵینەوەکردن لە هۆکارەکانی کەمی یاداشت و بیرەوەرییەکانی کوردانی باشوور جێگای تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە، لەو سۆنگەوە بە گرنگمان زانی لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە بەوردی لەسەر ئەم بابەتە بوەستین و شرۆڤەی زانستییانەی بۆ بکەین.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە لە هۆکارەکانی پشت کەمی یاداشت و بیرەوەری لای کوردانی باشوور(١٩٠٠-١٩٩١)

بکۆڵێتەوە و بەوردی شرۆڤەی هەریەکەیان بە بەڵگەوە بکات.

میتۆدی توێژینەوەکە: دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان و سەرنجدان لە ناوەڕۆکیان، بەکەڵك وەرگرتن لە میتۆدی شیکاریی مێژوویی شرۆڤەی زانیارییەکانمان کردووە و ئەم توێژینەوە زانستییەمان پێ ساز و ئامادەکرد.

سەرچاوە گرنگەکانی توێژینەوەکە: سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە بەپلەی یەکەم خودی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەن کە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٠٠-١٩٩١) بەشێوەی کتێب لە باشووری کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە، ئەوە سەرباری ئەو وتار و نووسینانەی کە نووسەرانی کورد نووسیویانن و ئاماژەیان بە بایەخ و گرنگی بیرەوەری وەك یەکێك لە کەرەستەکانی نووسینەوەی مێژووی کورد کردووە و داوایان لە ڕۆشنبیران و کارەکتەرە سیاسیی و سەربازییەکانی نێو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کردووە کە پەلە بکەن لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان.

یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی کە سەرنجی نووسەران و مێژوونووسانی باشووری کوردستانی ڕاکێشاوە کەمی ڕێژەی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەیە کە لە سەرەتای سەدەی بیست هەتاکوو دەیەی کۆتایی ئەو سەدەیە نووسراون، ئەوە لەکاتێکدا ئەو قۆناغە سیخناخە بە ڕووداو و گۆڕانکاری زۆر گەورە و چارەنووسساز، ڕووداوانێك تا ئەمڕۆ لێکەوتە و دەرهاویشتەکانیان دیار و بەرچاوە و ڕەنگە بۆ دەیان ساڵی تریش بەردەوام بن، ئێمە لە خوارەوە هەوڵدەدەین لە هۆکارەکانی پشت ئەو بابەتە بکۆڵینەوە، بۆ ئەوەش هۆکارەکانمان دابەش کردووە بەسەر دوو باسی سەرەکیدا:

## باسی یەکەم/ هۆکارە خودییەکان

١. نەخوێندەواری، کورد وەك یەکێك لە میللەتە بندەستەکانی دەوڵەتی عوسمانی، لەوپەڕی نەزانی و دواکەوتوویدا ناڵاندوویەتی، بەچەشنێك لە هەموو میللەتانی ناو ئیمپراتۆریەتەکە نەخوێندەوارتر و لە شارستانێتی دوورتر بووە، زمانەکەشی لە کاروباری دەوڵەت و خوێندن و نووسیندا بەکارنەهێنراوە. زمان کە بریتییە لە بەردی بناغەی میللەتان، دەوڵەتی عوسمانی بە هەموو شێوەیەك بەربەرەکانی دەکرد و هەوڵی سڕینەوەی دەدا (حەمەسەعید، ئازاری١٩٨٤: ل ٥٣). ئەوەش وایکردبوو ڕێژەی خوێندەوار و ڕۆشنبیر لەناو کورددا کەم بێت (بابان، کانوونی یەکەمی١٩٧٤: ل ٣) ، بەوهۆیەوە پرۆسەی نووسین درەنگ دەستیپێکرد، واتە پرسی نووسین؛ پرسێکی نوێکرد و تازەبابەتە، هەربۆیە لەبابەت نووسینەوە کورد مێژوویەکی تاڕادەیەکی زۆر هەژاری هەیە، بۆشایی نووسین تائێستاش لای ئێمە زۆر فراوانە و پڕنەکراوەتەوە(حاجی خدر، شوباتی ٢٠٢٠، ل ٣٥- ٣٦). ئەم حاڵەتە وایکرد بۆماوەیەکی دووردرێژ کۆمەڵگەی کوردی دووچاری چەندین شێوەی دواکەوتوویی و چەپاندن و بێبەشی ببێتەوە، ئەوەش کاریگەری قوڵی لەسەر عەقڵ و بیری مرۆڤی کورد بەجێهێشت، بەتایبەت لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتار و پەیوەندییە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکانی (هوشیار، ٥ی ئایاری٢٠٠٠: ل ٢٢٨).

سەبارەت بەم بابەتە ڕەفیق حیلمی دەڵێت: "یەکەم هۆی دواکەوتنمان نەخوێندەوارییە ... کوردی بەدبەخت هەتا ئەمڕۆش لەناو گۆمی ئەفسانەدا دەژی، ئەم ڕاستییە هەرچەندە قورس و گرانە، بەڵام دەبێت دانی پێدا بنێین کەوا میللەتی ئێمە هێشتا نەگەیشتووەتە حەدی بلوغ، میللەتێك کە بیەوێت بگاتە ئەو حەدە دەبێت بیروڕای نوێ وەربگرێت، ئەمەش بەهۆی خوێندن و خوێندەوارییەوە دەست دەکەوێ ... ڕادەی زانیاری هەر میللەتێك بە ژمارە و چەشنی قوتابخانەکانی دەپێورێت، بەردی بناغەی کۆمەڵمان ئەوەیە دەبێ بە چرای زانستی شەوەزەنگی نەزانین لەناوبەرین، هەوڵبدەین لە خۆپەرستی خۆمان دووربخەینەوە، بەدڵسۆزییەوە کوردایەتی بکەین، با بۆ نیشتمانە خۆشەویستەکەمان کار بکەین" (نەریمان، ١٩٨٥: ل ١٦٧ ؛ ئەحمەد، ٢٠٠٠: ل ٧). شێخ مەحموودیش نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی، بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شکستی شۆڕشەکەی زانیوە (خواجە، ٢٠١٣: ل ٢٢٦).

بەکورتی، کەمی یاداشت لەو قۆناغەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەزموونی نووسین بەگشتی لای کورد کەم بووە. (سەلمان، زستانی٢٧٢٠: ل

٣٠٣). عەلادین سەجادی لەو گەشتەیدا کە لە ساڵی ١٩٥٥ بۆ کۆمەڵێك ناوچەی کوردستان ئەنجامیداوە، سەرنجی ئەوەی داوە کە هێشتا زۆرێك لە خەڵکی ناوچەکانی بادینان گرفتی نووسین و خوێندنەوەیان بە زمانی کوردی هەبووە، یاخود هەر توانای نووسین و خوێندنەوەیان بە زمانی کوردی نەبووە(سەجادی، ٢٠٢٠: ل ٤٥، ٤٩-٥٠، ٧٩، ٨٧).

**٢. تێنەگەیشتن و نەزانین**

ئەوەی جێگای تێڕامانە هەندێك لەوانەی کە ژیانێکی تارادەیەك نائاساییان بەبەراورد بە خەڵکە ئاساییەکە هەبووە، لەوانەی کاراکتەری سەرەکی ناو ڕووداوەکان بوون، یان لە سەدەی ڕابردوودا خاوەن ئەزموون و بینەر و بیسەری زۆر ڕووداوی مێژوویی گەورە و چارەنووسساز بوون، نووسینەوە و یاداشتکردنی ئەو ڕابردووەیان بە گرنگ و پێویست نەزانیوە، بەنموونە ئەحمەد تەقی دەڵێت:" زۆرکەس داوام لێ ئەکەن کە بە درێژی باسی ژیانی خۆم بکەم، ئەمە شتێکی زۆر پێویستە، بەبڕوای من نەء! چونکە ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەندی هەبێت بە ژیانی گەلەوە زۆر لەوە بەنرخ ترە کە باسی ژیانی یەکێك بکات"(تەقی، ١٩٧٠: ل ١٠).

زێوەریش کاتێك باس لە ئاڵۆزبوون و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئینگلیز و شێخ مەحمود دەکات، کە دواجار بە ڕووخانی حکومەتی یەکەمی شێخ کۆتایی پێهات، دەڵێت:" تا چەند مانگێك ئینگلیزەکان موعامەلەیان باش بوو، لە ئاخرا سیاسەتیان گۆڕی، شێخ تەحەمولی دەسیسە و حیلەی ئەوانی نەبوو، موخالەفەی ئەکردن. نەتیجە بوو بە شەڕ لە بەینی حکومەتی وەتەنی و ئینگلیزدا. ئینگلیزەکان غالب بوون، شێخ ئەسیر کرا. تەفسیلات خۆیان بە کتێب نووسیویانە، گەنجینە عەلاقەی بەسەر تەئریخەوە نییە، هەر ئەحواڵی تایبەتی مەردان ئەنووسێ"(زێوەر، ١٩٨٥: ل ١٣٠). لای خۆشییەوە ئەحمەد خواجە ئەوەی درکاندووە کە ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی بەسەر کورددا هاتوون ئێجگار زۆرن، وەك خۆی گووتوویەتی بەناچاری بۆ کورتکردنەوەی باسەکان، بەسەر زۆر ڕووداودا بازی داوە، چونکە ئەوەی بەسەر ئەم گەل و حکومەتە پڕ گێچەڵەی کە بەریتانیا بە کوردی بەخشی، هاتووە، تەواو نابێت (خواجە، ٢٠١٣: ل ١٠٥). لە جێگایەکی تردا دەڵێت:" لە نووسینی گوزارش و بەسەراهاتوودا، لەم نووسراوەی (چیم دی)دا لایەنی کورد گرتنەوەمان گرت، چونکە دەرد زۆرە، نووسین تەواو نابێت (خواجە، ٢٠١٣: ل ١٤٧). هەرچی مەعرووف جیاووکە کاتێك باسی شەڕ و ململانێکانی بارزانییەکان دەکات لەگەڵ سوپای ئێران لەکاتی پاشەکشەیان لەو وڵاتە، دەڵێت:" نامەوێ تەواوی وردەکارییەکانی هەموو ئەو شەڕ و قەسابخانانە بگێڕمەوە کە لە نێوان ئێرانییەکان و بارزانییەکان ڕوویداوە، چونکە ئەمە بۆ خۆی پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆ هەیە..تاد"(چیاووك، ٢٠٠٨: ل ٢٠٦).

لە بەرامبەر ئەو کەمتەرخەمییەی سیاسییەکان و ڕووناکبیرانی کورددا، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەرانی ئینگلیز ئەوانەی دوور و نزیك پەیوەندییان بە شۆڕش و جوڵانەوەکانی ئەو ڕۆژگارەی باشووری کوردستانەوە هەبووە هەریەکەیان لەباری سەرنجی خۆیەوە بیرەوەریی و یاداشتەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، ئەمڕۆ ئێمە بەناچاریی و لەبەر نەبوونی یاخود کەمی سەرچاوەی کوردی بۆ لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان پەنا بۆ کتێب و بەڵگەنامە و نووسینەکانی ئەوان دەبەین، ئەڵبەت ئەوەش بێ کێشە نییە و بەر لە هەموو شتێك ئەوان نوێنەرایەتی سیاسەتی وڵاتەکەی خۆیان کردووە و بڕیار و فەرمانەکانی سەروو خۆیان جێبەجێ کردووە، ئەوەش بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە(١).

جیا لەوەی سەرەوە کە باسکرا، هۆکارێکی تری کەمی ڕێژەی یاداشت و بیرەوەری لەو قۆناغەدا، بەبڕوای یەکێك لە نووسەران بۆ شارەزا نەبوون و ئاشنانەبوونیان بەم هونەرەی نووسین دەگەڕێتەوە، ئەگەرنا لەڕووی نووسینەوەوە بیرەوەری نووسینەوەی زۆر ئاسانترە بە بەراورد بە هۆنراوە نووسین، خۆ ئەگەر وانەبووایە دەبوو هیچ نەبێت لە پاڵ ئەو هەموو دیوانە شیعرییەدا کە بۆمان بەجێماوە دوو بیرەوەریشی لەگەڵدابوویە (بابان، کانوونی یەکەمی١٩٧٤: ل ٣). لەڕاستیدا، بیرەوەری نووسین هونەرێکە و هەمووکەسێك ناتوانێت بەباشی بینووسێت (ئەحمەد، ٢٠٠٧/١٠/٥: ل ٢٠٠) ، چونکە تۆمارکردنی بیرەوەرییەکان، هونەرێکە بەهرە و توانای هونەریی و کەسایەتی مرۆڤانە و مێژوو، ئاوێتەی یەکدی دەکات و بەشێوازێکی ئەدەبی دایدەڕێژێت(ئەبوبەکر، ٢٠١٢: ل ١١). بەشێك لە نووسەرانی بیرەوەرییەکانی ئەم قۆناغە

دانیان بەوەدا ناوە کە وەك پێویست ئاگاداری هونەری یاداشت نووسین نەبوون و ئەزموونێکی وایان لەوبارەوە نەبووە، یان هەر نووسەر نەبوون، بۆیە متمانەیان بەخۆیان نەبووە و بەخۆیاندا ڕانەپەرمووە کە بتوانن کارێکی لەوشێوەیە ئەنجام بدەن (سمایل، ١٩٩٠: ل٤-٥ ؛ کەریم، ١٩٦٠: ل ٤-٥).

بەکورتی، نووسەری یاداشتنووس دەبێ توانای بەسەر نووسیندا بشکێ و ئاستی بەرزی داڕشتنەوەی هەبێت بۆئەوەی دەست بۆ ئەو بوارە بەرێت. ناکرێت تەنها لەبەرئەوەی باسی چەند ڕووداوێکی ژیانی و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە، ئەوە بە بیرەوەری لەقەڵەم بدرێت(سەلمان، زستانی ٢٧٢٠: ل ٣٠٤).

### ٣.نەبوونی هۆشیاریی

لاوازی هۆشیاریی نەتەوەیی و مێژوویی کارێکی کرد، تەنانەت هۆشیاریی یاداشتنووسینەوەش لە کوردستاندا کز و لاواز بێت، لەدوای ڕاپەڕینەوە یاداشت و بیرەوەری نووسینەوە لە حاڵەتەوە تێپەڕی بۆ دیاردە، ئەویش دوای ئەوەی ژمارەیەك کەسایەتی گرنگ لە ژیانی مێژوویی و ڕۆشنبیریی و سیاسی میللەت کۆچی دوایان کرد و هەموو بیرەوەرییەکانی خۆیان بردە ژێر گڵ (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٩). ئەوەش وایکرد یاداشت و بیرەوەری نووسین لەناو کورددا کەم بێت و نەبێت بە کلتوور، لەکاتێکدا بیرەوەری لە زۆر ڕووەوە شادەماری زەڵاڵکردنی ڕووداوەکانە. بەواتایەکی تر، بیرەوەری هەڵگری زۆر ڕووی شاراوەی ڕووداوەکانە. لەڕاستیشدا بیرەوەری نووسین هەر یادنووسینی ڕۆژانە نییە، بەڵکو بەزۆری وتنی شتە نەوتراوەکانە (ناوخۆش، ٢٠٢٠: ل ٧٠). هۆیەکەشی ئەوەیە بیرەوەری، وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی نووسینەوەی مێژوو، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ پەیبردن بەڕاستی ڕووداوەکان و ناسینی دیمەن و کەسایەتییەکانی ناو مێژوو (ئەمین، ٢٠١٢: ل ١٥ ؛ ساوێر، ٢٠٢١/٩/١٢). هەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانەوە دەتوانین کەسایەتی و کاراکتەری بیرەوەرینووس بناسین(نژاد، تابستانی ١٣٩٧: ل ١٠)، ڕوونتر بڵێین، یادەوەری مێژوویی و ئاستی ڕۆشنبیریی و سیاسی، پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندنی بیرەوەری کەسایەتی سیاسی(جەعفەر، ٢٠٢٠: ل ٢).

ساڵانێکی زۆرە دڵسۆزانی کورد داوا لەوانە دەکەن، کە بیرەوەری گەلێکی سیاسی یان ئەدەبی یان کۆمەڵایەتییان لە گەنجینەی یاددایە لەگەڵ خۆیان نەیبەنە ژێر گڵەوە و بیاننووسنەوە و گەلەکانیانی لێ بێبەش نەکەن، بەتایبەتی کە ئەم گەلەیان وەك گەلانی خواپێداوی جیهان تائێستا بۆی نەلواوە دامودەزگای تایبەتی خۆی هەبێ و مێژووی نوێی خەبات و کوێرەوەریی و کڵۆڵییە لەبن نەهاتووەکانی بنووسێتەوە و لەچاپی بدا و بیانخاتە بەردەستی خوێندەوارانی نەتەوە و، هەر ڕووداوێکی ژیانی ئەگری بە چەندین جۆر دەگێڕدرێتەوە و جۆرەها زیاد و کەمو دەستێوەردان لە بە خەڵك ڕاگەیاندنیدا ڕوودەدا و لەم ڕووەوە پێویستییەکی زۆرمان بە خستنە سەرکاغەزی هەر ئەندازە بیرەوەرییەکی پەیوەندیدار بە هەر چمکێکی ژیانی گەلی کوردەوە هەیە بنووسرێتەوە بۆئەوەی ببێ بە بەشێك لە کەرەستەی نووسینەوەی مێژووەکەی (مەلا کەریم، ١٩٩٩: ل ٦).

### ٤. کەمتەرخەمی و پەراوێزخستن:

کەمتەرخەمی سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان و ڕۆشنبیرانی کورد لە نووسینەوەی یادداشت و بیرەوەری، ئەوەش بوو بەهۆی درەنگ دەرکەوتنی ئەم ژانرە ئەدەبییە لەنێو کوردی باشووردا. لە سەردەمی باباندا دیاردەی بیرەوەری نووسینەوە نەبووە، ئەوەی هەبووە شاعیرانی ئەو قۆناغە بە دێڕێك یان نیو دێڕ هۆنراوە باسیان لە لەدایکبوونی خۆیان یان لەدایکبوونی میرێك یان مردنی کردووە، دیاردەیەك کە لەنێو شاعیرانی کلاسیکدا زۆر باوبووە (ناوخۆش، ٢٠٢١: ل ١٨٧). لەڕاستیدا ئەم حاڵەتە هەر تایبەت نەبووە بە بابانەوە، بەڵکو لەناو هیچ میرنشینێکی تری کوردیدا نەبووە، ئەگەر حاڵەتێکیش هەبوویێت هەتا ئەمڕۆ بڵاونەبووەتەوە (ناوخۆش، ٢٠٢١: ل ١٨٩).

ڕیـچ کە ساڵی ١٨٢٠ بە سەردانێك لە سلێمانی بووە و وەك خۆی ئاماژەی بۆ کردووە زۆر هۆگری ئەوە بووە کە شارەزایی لەبارەی مێژووی

کورد و میرنشینی بابانەوە پەیدا بکات، هەر لەسەر ئەم خواستەی (ڕیــچ)، مەحمود پاشا ناردوویەتی بە شوێن کەسێکدا بەناوی (ئەحمەد بەگ) کە لە ناوچەی شارەزووری زێدی خۆیدا ژیاوە، ئەو پیاوە لە خانەدانەکانی بنەماڵەکەی بووە و تەمەنی نزیکەی ١٠٠ ساڵ بووە، شارەزای مێژووی بنەماڵەی بابان بووە، هەربۆیە لەلایەن کەسوکار و نەوەکانییەوە ڕێزێکی زۆری لێگیراوە. ئەوە لەکاتێکدا وەك ڕیــچ باسی کردووە زانیارییەکانی ئەم پیاوە و خەڵکانی دیکە بەهۆی نەنووسینەوەیان و مانەوەیان بەشێوەیەکی سەرزارەکی و دەماودەم لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا بوون، پێویستی بەوە کردووە کە ئەو زانیارییانە بپارێزرێن (ڕیــچ، ٢٠٠٢: ل ٢٨٠ ؛ بابان، کانوونی یەکەمی١٩٧٤، ل ٣).

وادیارە ئەو نەزانی و نەشارەزاییەی میر لەبەرامبەر مێژووی بنەماڵەکەیان ڕیچی تووشی سەرسامی کردووە و خواستی ئەوەی هەبووە کە هۆکاری پشت ئەو گوێ پێنەدانە بکۆڵێتەوە، کاتێك دەڵێت:" ئەمڕۆ (١٨٢٠/١٠/٧) لەگەڵ میردا، کە باسی مێژووی کوردستانمان کرد، پێم بە جەرگی خۆمداناو سەرسامی خۆمم بۆ باسکرد، کە بۆچی ئاگاداری تەواوی مێژووی بنەماڵەکەیان نییە! بە نەزاکەتوو و سەنگینییەوە پێ گووتم: ئەو مێژووە شایانی نووسینەوە نییە، چونکە مێژووی بنەماڵەیەکی دەسەلاتدار نییە، بەڵکو مێژووی خێڵێکی سادەیە. منیش پێم گووت: بەڵام بنەماڵەکەیان مێژوویەکی دووریان هەیە و شەرەفمەندن. وتی بنەماڵەکەیان زۆر کۆن نییە و ئەندامانی بنەماڵەکەشیان تەنها سەدەیەك دەبێ بوونەتە میر و سەردار، منیش وتم لەوکاتەوە ئاگاداری زنجیرەی بنەماڵەکەیانن(ڕیــچ، ٢٠٠٢: ل ٢٨٥). ڕیــچ لەوە تێگەیشتووە کە مەحمود پاشا و سەرانی تری بابان بەهۆی سەرقاڵییانەوە بە شەڕ و ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە، نەپەرژاونەتە سەر ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکەیان و نووسینەوەی مێژووی میرنشینەکەیان (حەمەباقی، ٢٠١٣: ل ٢٠٥).

لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابانیشەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە چ لە سەردەمی عوسمانی و چ لە دوای دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە پلەوپایەی جۆراوجۆری گەورەی حکومییان وەرگرتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەڕووی ئاستی خوێندن و ڕۆشنبیرییەوە زۆر خوێندەواربوون، بەڵام بە دەگمەنیان نەبێت یاداشت و بیرەوەری خۆیان نەنووسییەوە و لەگەڵ خۆیاندا هەموو ئەزموون و بیرەوەرییەکانیان بردە ژێر گڵەوە (مەزهەر، ١٩٩٩: ل ٦).

لەمبارەیەوە تەها بابان دەڵێت:" خوێندەوارانی ئەو قۆناغە، یان (زانایانی ئایینی) بوون کە هەمیشە سەرقاڵی پەراوێز نووسین بوون لەسەر کتێبی کۆن و هیچ بایەخێکیان بە ڕووداوەکان نەداوە، یان شاعیر بوون و بە زوڵفی خاو و ئەبرۆی کەمان و چاوی بەخوماردا هەڵیانداوە، تەنها سالم نەبێت ـ وەك من بزانم ـ چەند شیعرێکی هەیە کە تێیدا باس لە لەناوچوونی میرنشینی بابان و نەهامەتییەکانی کاربەدەستان دەکات. جیاکردنەوەی ئەم شاعیرانەش لەوانی تر وردنووسی سەپاندوویەتی، ئەگەرنا نەدەتوانرێ ئەو شیعرانە بەو بیرەوەرییە بدرێتە قەڵەم کە لەم نووسینەدا مەبەستمانە و نەشیعریش خۆی ئەو توانایەی هەیە کە بیرەوەری پێ بنوسرێتەوە"(بابان، کانوونی یەکەمی١٩٧٤: ل ٢).

وەنەبێ ئەم دیاردەی گوێ پێ نەدانە هەر تایبەت بێت بە میرانی بابان و خەڵکانی هاوسەردەمی بابان و دوای ڕووخانی میرنشینەکە، بەڵکو ئەم کێماسیی و کەمتەرخەمییە بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم و چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم درێژەی هەبووە، بەنموونە کەسێکی وەك شێخ مەحمود کە چەند ساڵێك سەرکردایەتی جوڵانەوەی کوردی لە باشوور کرد و حکومەت و دامەزراوەی بونیادنا و خوێندەوار و شاعیر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەك هەر بیرەوەریی و یاداشتی خۆی نەنووسیوەتەوە، بەڵکو وەك سانیحەی کچی ئەمین زەکی بەگ دەڵێت:" باوکم بۆ پرۆژەی کتێبی(مشاهر الکرد) داوای لە شێخ مەحمود کرد چەند لاپەڕەیەك لەسەر خۆی بۆ بنووسێت. کەچی، بە باوکمی گووتبوو: خۆت شتێك بنووسە. شێخ مەحمود ڕەگ و ڕیشەی خۆی بۆ باباتاهیری هەمەدانی گێڕابوویەوە. باوکم پێی گووتبوو، چۆن بنەماڵەی ئێوە دەگەڕێتەوە سەر بابا تاهیر؟ کەواتە ئێوە عەرەبن و کورد نین! شێخ زۆر توڕە ببوو. یەك ساڵ لەگەڵ باوکم قسەی نەکرد و هەر زۆر دڵگران بوو. پاشان ئاشتبوونەوە و پەیوەندییان گەڕایەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆی" (سالح، ٢٠١٠: ل ٢١٤). سەیر ئەوەیە شێخ مەحمود خۆی هانی ئەحمەد خواجەی داوە بۆ نووسینەوە و تۆمارکردنی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بە چاوی خۆی بینیونی یاخود بەشداری تیادا کردوون، چونکە پێی وابووە ئەو نووسینانەیە کە مێژووی دواڕۆژی کورد دەڕازێننەوە و بەدبەختی ئینگلیز لە خاوەن بەختان دەگەیەنێت، بەڵام خۆی نەهاتووە بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە(خواجە، ٢٠١٣ : ل ١٩٤- ١٩٥).

هەروەها خوێندەوارانی سەردەمی شێخ مەحمود کە ئاستی ڕۆشنبیرییان لەوانەی پێش خۆیان زۆر زیاتر بوو، زۆربەشیان نەك هەر شارەزایی، بەڵکو بەشداری تەواویشیان لە شۆڕشەکانی شێخدا هەبوو، ئەوانیش وەك پێشینانیان(جگە لە چەند کەسێکیان نەبێت) ئەوەی بۆیان بەجێهێشتووین هەر دەربڕینی هەستی نیشتمانپەروەرییە، ئەویش زۆربەی زۆریان هەر بە شیعر. (بابان، کانوونی یەکەمی ١٩٧٤: ل ٢). خۆ ئەگەر ڕووناکبیرەکانمان یاداشتی خۆیان بنووسیبایەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمڕۆ سامانێکی لەبن نەهاتوو و دەوڵەمەندی مێژوویمان دەبوو (یووسف، ١٩٨٥: ل ١٣٦).

تەنانەت هەندێك جار و لای هەندێك کەس جۆرێك لە بەرگی پیرۆزی درابوو بەبەری کاری ڕابردوو و کەسایەتییەکانی ڕابردوو، تا ئەو ڕادەی ئەو جۆرە کەسانە بەڕەوای نابینن هیچ ڕەخنەیەکیان لێ بگیرێت. ئەوە لەکاتێکدا نووسینەوەی بیرەوەریی و بڵاوکردنەوەشی، ئەو ڕابردووە دەخاتە بەردەم نەشتەری خوێنەر، ئەم هۆکارەش لای هەندێك بەجۆرێك بووە ئەو بڕوایەی لا دروست کردووە کە دەستبەرداری نووسینەوەی بیرەوەری ببێت(سیوەیلی، شوباتی٢٠٢٠: ل ٧٠). بەنموونە د.عیزەدین مستەفا دەڵێت:" چەند ساڵێك پێش مەرگی عەلی کەمال باپیر ئاغا، لەگەڵ چەند کوڕێکی ئامۆزامدا چووینە لای، باس لە (چیم دی) ئەحمەد خواجە و ڕۆژانی شێخی نەمر کرا، داوامان لێکرد ئەویش یادگاری خۆی بنووسێتەوە، بەڵام ئەو خۆی لە مەسەلەکە لائەدا، لای وابوو نابێ ڕەخنە لە شێخ مەحمود بگیرێت و نابێ هەموو ڕاستییەکیش بە(لایەنی گەش و کەموکوڕییەوە نەڵێت. دواتر بڕیاربوو یەکێك لە ئامۆزاکانم بچێت دابنیشێت لایی و چی گووت بینووسێتەوە، چەند جارێك چووبوو، هیچی لێ دەستگیر نەببوو".

ئەوە لەکاتێکدا کەمالی جگە لەوەی کە خەڵکی سلێمانی بووە، لە نزیکەکانی شێخ مەحمودیش بووە و بەخوێندەواریش ناسرابوو، تەنانەت لە نزیکترینەکانی شێخ بووە، ماوەیەك (کاتب)ی بووە و بە نوێنەرایەتی ڕەسمی ناردوویەتییە ئێران و لە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی وڵاتدا یان نووسەر یان سەرنووسەریشی کردووە(ڕەسوڵ، ١٩٨١: ل ٢٠).

ئەم دیاردە سەرکردەیەکی دیاری وەك (مستەفا بارزانی)شی لێ بەدەر نییە، بەپێی گێڕانەوەکانی نەوشیروان مستەفا، (ئەدموون غەریب)ی نووسەری ئەمریکی بەڕەچەڵەك لوبنانی، ئەوکاتەی بارزانی لە واشنتۆن بووە، هەوڵێکی زۆری لەگەڵ داوە بۆئەوەی بیرەوەرییەکانی پێ بگێڕێتەوە و، لەسەر کاسێت تۆماری بکات، هەتاکوو دواتر ئەویش بیکات بە کتێبێکی سەربەخۆ، بەڵام بارزانی قایل نەبووە" (ئەمین، ١٩٩٧: ل ٣٣). لەبارەی هۆکاری نەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانییەوە، (موحسین دزەیی) ئاماژە بەوە دەکات کە زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەگەڵ بارزانی هەوڵیانداوە هەتاکوو یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، بەڵام بارزانی پێیوابووە ئەو ئەرکەی کە کەوتووەتە سەرشانی تائێستا جێبەجێ نەبووە و بەشێکی کەم لە ئامانجەکانی بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد هاتوونەتەدی، بۆیە پێویست ناکات یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە. دزەیی لە درێژەدا دەڵێت:" بارزانی پیاوێکی بێ فیز بوو، حەزی لە خۆدەرخستن نەبوو، لەو بڕوایەدابوو کە خەبات و ماندووبوونی بۆ گەل و نیشتمانەکەی ئەرکی ئەو نیە تۆماریان بکات، بەڵکو ئەوە کاری مێژوونووسان و نووسەرانە خەبات و تێکۆشانەکەی هەڵبسەنگێنن و حوکمی لەسەر بدەن. کە ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە هیوا بڕاو بوون، ڕوویان لە من نا تا تێبینی و کارەکانی تۆمار بکەم، منیش ڕازی نەبووم، چونکە بێ پرس و ڕای بارزانی ئەو کارەم نەدەکرد" (دزەیی، ٢٠١٥: ل٧-٨).

هۆکاری ئەو نەنووسینەش بەبڕوای ئێمە پتر لە هەر شتێك بۆ شارەزانەبوون لە هونەری یاداشت و بیرەوەرینووسین و نەزانینی بەها و نرخی ئەم سەرچاوە گرنگە بۆ نووسینەوەی مێژوو دەگەڕێتەوە، ئەوە سەرباری ئەوەی کە ئەوان نەیانوویستووە خۆیان باس لە کار و چالاکییەکانی خۆیان بکەن ویستوویانە خەڵکانی دیکە کار و خەباتی ئەوان هەڵبسەنگێنن و بڕیاری لەسەر بدەن، هەروەك نەگەیشتن بە ئامانجەکانیان هێندەی دیکە لەم ڕووەوە کاریگەری لەسەر داناون.

لەڕاستیدا نووسینەوەی بیرەوەریی و کارکردن لەسەر یادەوەرییەکان، ئەگەرچی لە ڕووکاردا پرۆسەیەکی خودییە و گرێدراوی ژیانی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکە لە ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی مێژوو، ئیدی شاردنەوە و زیندانیکردنی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کاراکتەرەکان لەناویدا ژیاون دەبێتە بەرپرسیارێتی، بۆیە نووسینەوە و تۆمارکردن لە دیدی زۆرێك لە بیرمەندانەوە بەر لەوەی حەز و ئارەزوویەکی کەسی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بێت، بەرپرسیارێتییەکی مێژووییە(عەبدوڵڵا، ٢٠٢١/٩/١٢).

دیاریشە ئەگەر کەسێك خۆی بیرەوەری خۆی نەنووسێتەوە و تۆمار نەکات، ئەوا دوای خۆی یاداشتنامە، گێڕانەوە و بیرەوەرییە زارەکییەکان، نووسراو و قسەی کەسانی نزیك لە ڕووداوەکان سەرچاوەی سەرەکی نووسینی سەربوردەی ژیانی ئەو کەسە دەبن (پیرۆتی، ٢٠٢٠: ل١٢). بەڵام دەبێ ئەوە بزانین، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ئەوەدا هەیە کە کەسێك خۆی یاداشت و بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە لەگەڵ ئەو کەسەی کە خەڵکی دیکە بیرەوەرییەکانی دەنووسێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکە لە ژیاندا نەمابێ، بەدڵنیاییەوە ئەوەی یەکەمیان زیاتر جێگای متمانە و بڕوا پێکردنە، چونکە لەوەی دووەمیاندا زۆرجار شتانێك دەدرێنە پاڵ کەسی مردوو کە نەیگوتووە و نەیکردووە یاخود بەناوی مردووەکەوە (حیسامی، ٥ی ئایاری١٩٩٨: ل ٦٥).

ئەوە هەر سەرکردەکانی شۆڕش و جوڵانەوەکانی کورد نەبوون کە کەمتەرخەمییان لەو ڕووەوە نواندووە، شۆڕشی (٣٠)ساڵەی باشوور(١٩٦١-١٩٩١)، کە بە دەیان و سەدان نووسەر و ڕۆشنبیری تێدا بووە چەند کەسێکی کەمیان نەبێت یاداشت و بیرەوەری خۆیان لەو قۆناغەدا نەنووسیوەتەوە و بڵاو نەکردووەتەوە، ئەوانەش لە ئاستی نەبووندان. هەربۆیە دەتوانین بڵێین، زۆرینەی ئەو مێژووە نەنووسراوەتەوە و نەخراوەتە سەر کاغەز. لەوەش کارەساتبارتر بەشی هەرەزۆری دۆکیۆمێنتەکانی شۆڕش بەهۆکاری جیاواز ونبوون و لەنێوچوون (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٤٧- ٤٨). هەربۆیە ئەوانیش لە بەرامبەر نووسینەوە و بە ئەرشیفکردنی خەبات و نووسینەوەی مێژووی سیاسی و شۆڕش و ڕاپەرینەکان خەمسارد و کەمتەرخەم بوون، تەنانەت یاداشت و بیرەوەرییەکانیشیان نەخستووەتە سەر کاغەز و نەوەی دوای خۆیان و نەوەی نوێیان لەو ڕووداو و مێژوویانە بێبەری کردووە (سەرنووسەر، ٥ی ئازاری٢٠٠٧: ل ٣).

زۆرێك لە نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد گلەییان لە پێشینان کردووە لە بەرامبەر کەمتەرخەمییان لە ئاست مێژووی کورد و تۆمارنەکردن و نەنووسینەوەی بیرەورەییەکانیان (زەکی بەگ، ٢٠٠٤ : ل ٩ ؛ بابان، کانوونی یەکەمی ١٩٧٤، ل ٢-٣ ؛ ڕەشە، ١٩٨٧: ل ٣٧) ، لەمبارەیەوە محەمەد ئەمین زەکی بەگ دەڵێت:"پێشینان لەم خسووسەوە زۆر کەمتەرخەمیان نواندووە و، لە حەق سەرگوزەشتەی وڵاتەکە هیچ میراتێکی نوسراویان بۆ بەجێ نەهێشتووین و ئەم نەوعە ئەرکانەیان خستۆتە سەرشانی پاشینان و خۆشبی و ترش بێ ئەبێ قبوڵی بکەین و ئێمە هەوڵی بۆ بدەین" (زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ل أ). حیلمی‌یش گووتوویەتی:" بوێژ و ئەدیبەکانی کورد بەرامبەر بە قەومی خۆیان ئەرکێکی گەورەیان لەسەرە، مێژوو لە دوا ڕۆژدا لەناو وێژە و وتارەکانی ئەواندا بۆ هۆی دواکەوتن و، پێشکەوتنی کورد ئەگەڕێ" (ئاشنا، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥: ل ١٧١). هەر ئەم خەمساردییە بووە پاڵی بە محەمەدی مەلا کەریمەوە ناوە کە بڵێت:" تا ئێستا دەیان کەس لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی گەلی کورددا هەریەکەیان بەگوێرەی لێهاتن و بۆ هەڵسوڕانی خۆیان بەشدارییان کردووە و دەوری خۆیان گێڕاوە، بەڵام لە مەیدانی خستنە سەر کاغەزی ئەم باسی بەشداریی و دەورەدا تائێستا ئەوەی ئێمە پێ بزانین کەس یارای ئەوەی نەکردووە باشی ئەو دەور و بەشدارییەی خۆی بنووسێتەوە. بێ و نەبێ لە مەیدانی یاداشت بڵاوکردنەوەدا سێ چوار کەسێکی وەك مامۆستایان ڕەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە و ئەحمەد تەقی ـ مان بەدەستەوەیە و تەواو. بابڵێین یاداشتی سیاسی لەوانەیە بارودۆخی تایبەتی خۆی بوێ و لە هەمووکات و سەردەمێکدا بۆ بڵاوکردنەوە نەشێ... بەڵام باوەڕناکەم یاداشتی ئەدەبیی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی هیچ کۆسپێکی زلی لەڕێدا بووبێ. ئێمەیەکی لە هەموو ڕوویەکەوە هەژار کە نە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و نە مێژووی دامەزراندن و گەشەسەندنی ژیانی پەروەردەیی نەمێژووی بزووتنەوەی ئەدەبیمان نەنووسراوە، موحتاجی هەر دێڕە مەعلوماتێکین لەم ڕووانەوە بنووسرێ"(مەلا کەریم، ١٩٨٧/١٠/٢٨).

هەرئەوەش وایکردووە دوای چەند دەیەیەك لە تێپەڕین بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هێشتا ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەمان لەبەردەستدا نەبێت کە ڕووە ڕووناك و تاریکەکانی ئەو قۆناغەمان بۆ ئاشکرا بکەن و لەسەریان ڕابووەستین. بەشێکی زۆریش لەو زانیارییانەی لەو قۆناغەوە تۆمارکراون، یەکلایەنانە نووسراون و بەشێوەیەکی ورد نامانگەیەننە ڕاستی ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە. ڕەنگە هۆیەکی سەرەکی ئەم دیاردەیەش ئەوەبێت کە برێکی زۆر لە بەشدارانی بزووتنەوەی هاوچەرخی کوردی، هەنوکە لە گەمەکەرە سەرەکییەکانی بواری سیاسەتی کوردستانن و ناتوانن بەرگەی ئەو وێنە ڕاستەقینانەی ڕابردوو بگرن، کە دەشێ زیان بە سەرمایەی سیاسی و ڕەمزیان لە ئێستادا

بگەیەنێت. بگرە ڕەنگە ئەم ئامادەبوونەی سیاسەتمەدارەکانی دوێنێ لە ئەمڕۆدا، ڕێگری سەرەکی بوو بێت لەوەی کەسانی پسپۆڕ یان ئاگاداری ئەو مێژووە، شتی لەبارەوە بنووسن و لایەنە تاریك و ڕووناکەکانی ئاشکرا بکەن (نەجمەدین، بێ ساڵی چاپ: ل ٧).

لەمبارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت:" شتێکی سەیرە، هیچ کام لە بەشدارانی جوڵانەوەی کورد بیرەوەرییەکانی خۆیان نەنووسیوەتەوە. زۆر لە ڕووداوەکان وەکو مەتەڵ ماونەتەوە و، هەندێکی بەتەواوی کوێربووەتەوە، مەگەر لە پاشەڕۆژدا بەشێکی ئەم نهێنیانە لە ئەرشیفی دەزگا موخابەراتییەکاندا بدۆزینەوە. لەم ڕووەوە د.مەحمود عوسمان شایانی ڕێزلێنانی تایبەتییە، چونکە دوای ئاشبەتاڵ هەندێ لەم باسە گرنگانەی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا کرد، ئەگەرنا ئەوانیش وەکو زۆر ڕووداوی تر بزر ئەبوون، بەڵام ئەویش لەوێدا بڕییەوە" (ئەمین، ١٩٩٧: ل ٣٢). ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بیری یاداشتنووسین لەناو کورددا زۆر دواکەوتوو بووە، ئەوەشی لەدوای ڕاپەڕینەوە نووسراوەتەوە لە ئاست گەورەیی و ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغەدا نەبووە (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٤٧- ٤٨).

ئەم کەمتەرخەمیی نواندنە تەنها ئەو کەسانە هەستیان بە زیانە گەورەکەی کردووە کە لە بایەخ و گرنگی بیرەوەری بۆ مێژوو تێگەیشتوون، هەربۆیە خەمەکە لەلای ئەوان زۆر گەورەترە وەك لە خەڵکە ئاساییەکە، لەمبارەیەوە کەریمی حیسامی دەڵێت:" پیاو داخی ئەوە دەخوات ڕووناکبیرانی کورد بەتایبەتی سیاسەتمەدارانی کورد ئەوانەی کە لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵیان هەبووە بیرەوەری خۆیان نەنووسیوەتەوە. ئەوە زیانی ئێجگار گەورەی لە میللەتی کورد داوە، ئەگەر ئەوانە بیرەوەری خۆیان بنووسیبایەوە ئێستا مێژوو و ئەدەبیاتی کورد دەوڵەمەند تر دەبوو، نەوەی دواڕۆژ کەڵکیان لێوەردەگرت" (حیسامی، ٥ی ئایاری ١٩٩٨: ل ٦٥).

لەلایەکی ترەوە، کەمی بیرەوەری لەو قۆناغەدا دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بە نووسین و بابەتی تر بەتایبەتی چیرۆك و ڕۆمان و وەرگێڕانی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە مێژووی کوردەوە نییە (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٣١- ٣٢، ١٥٤)، هەر ئەمەش هانی عەبدولڕەقیب یووسفی داوە لە بانگەوازیکدا ڕووی دەمی لە دەستەبژێری کوردی بکات و بڵێت:" جێگای داخە کە ڕۆشنبیرانی کورد زۆربەیان خەریکی شیعر و چیرۆکی نوێن و نرخی مێژووی فراوانی نووسراویان نازانن یان تەمەڵی دەکەن لە تۆمارکردن و نووسینی لە بیرەوەری بەساڵاچووەکاندا، ئەوانە نەك هەر بیرەوەری، بەڵکو زۆرێك لە کەلەپووری جۆربەجۆری کوردی هێشتا زیندووە لە یاد و بیریاندا، پێویستە لەسەرمان هەندێك لە ئیشوکاری کەسی (شخصی)مان لە شیعر و چیرۆك و کتێب دانان لەسەر سەرچاوەکانی بڵاوکردنەوەی بەجێبهێڵین یان کز بکەین و ملبدەینە تۆمارکردنی بیرەوەری بەساڵاچووەکان. بۆ ڕزگارکردنی مێژوو و کەلەپووری نەنووسراویان، نابێ ئەم بابەتە دوا بخرێ، چونکە خێرا(فوری)یە، هەموو ساڵێك هەندێك لە پیرەمێردە گرنگەکانمان کۆچی دوایی دەکەن و بیرەروەیی و زانیارییەکانمان لەدەست دەچێ. ئێمە دەزانین زۆربەی مێژووی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەمان نەنووسراوەتەوە، بەڵام تائێستا بەشێکی زۆری زیندووە و لە بیر و سنگی پیرەمێرد و بەتەمەنەکانی بەشداری ڕووداوەکان یان هاوکاریان بوون پارێزراوە"(یووسف، ١٩٨٤/٥/٣). لە درێژەدا دەڵێت:" ئێمە لەم هەلومەرجەدا یەکجار پێویستمان بە یاداشتە و پێویستە بیری نووسینەوەی لەنێو پیرەمێردە خوێندەوارەکاندا پەرەپێبدەین و هانیان بدەین تاوەکو بیرەوەرییەکانیان نەبەنە ژێر گڵ. ئەوانەیان کە بیریان تیژە و بیرەورەیی و زانیارییەکی فراوان و هەمەجۆریان لە لاگلدراوەتەوە دەتوانن بەبێ ماندووبوون بیاننووسنەوە. جا ئیتر هەر لە ژیانی کۆچەریی و نێو دێهاتەوە تا دەگاتە باری سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتی شارستان. دیارە ئەو پیرەمێردانەی کە ڕووناکبیرن پتر ئاگاداری ڕووداو و بەسەرهاتەکان بوون و دەرکیان پێ کردوون، هەر لەبەرئەوەیە کە ئەگەر بێنە ژێر باری یاداشت نووسینەوە زانیارییەکانیان بایەخێکی پتریان دەبێت بۆ مێژوو(یووسف، ١٩٨٥: ل ١٣٦).

پێشتریش تەها بابان(٢)، ڕەخنەی توندی لە دەستەبژێری سیاسیی و ڕۆشنبیری کورد گرتبوو لە بەرامبەر خەمساردییان لە نەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانیان، ناوبراو باری سەرنجی خۆی لەو ڕووەوە بەم شێوەیە دەربڕیوە:" باشە ئەوا گووتمان لە ڕابردوودا ئاشنا نەبوون بە نووسینەوەی بیرەوەری، ئەی ئێستا کە نووسەر و شاعیر و خوێندەوارمان نیە ژمارەیەکی زۆر بیرەوەری بێگانەکانی نەخوێندبێتەوە، کەچی کە دەست دەداتە قەڵەم یان شیعر دەنووسێت یان چیرۆك یان باسێکی ئەکادیمی ڕووت! لەکاتێك زۆریان ئەگەر دروستکەری هەندێ ڕووداو نەبن بێگومان .... نزیکەکانیانن، خۆ ئەگەر باسی ئەو ڕووداوانە بکەن زۆرتر لە دانیشتنی سەرمێزدایە وەك بابەتی مەزەکانی تر.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بەڕاستی ئێوەش لەگەڵمدا نین کە ئەمە شتێکی سەیرە لەکاتێکدا ڕۆژ بەڕۆژ نووسینەوەی بیرەوەری پەرەدەسێنێت، بەڵام لەلای ئێمە بەرەو نەمان بچێت ئەگەر نەوەی پێشوومان تاك و تەرایەك بیرەوەرییان نووسیبێتەوە ئێستا ئەوەش وشکایی هاتبێت، لەکاتێکدا کە ئەو ڕووداوە گرنگانەی لەم دواییەدا ڕوویاندا ئەوان بە خەونیش نەیاندیوە"(بابان، کانوونی یەکەمی١٩٧٤: ل ٣).

ڕەنگە هەموو ئەوانەش پەیوەندی بەوەوە هەبووبێ کە، تاکی کورد وەك پێویست ئاگاداری بایەخ و گرنگی بیرەوەرییەکان نەبووبێ (سیوەیلی، شوباتی٢٠٢٠: ل ٧٠ ؛ قادر، ١ی تەمووزی٢٠٠٣: ل ١٤١)، لەکاتێکدا یاداشت و بیرەوەرییەکان لە سەرچاوە و کەرەستە سەرەکی و یەکەمینەکانی نووسینەوەی مێژووی هەر نەتەوەیەکن، ئەوە جگەلەوەی نەوەکانی داهاتوو لەڕێگەی بیرەوەرییەکانەوە ئاگاداری ڕابردووی خۆیان و ڕەوتی گۆڕانکارییە هەمە لایەنەکانی میللەتەکەیان دەبن.

**٥. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان**

کلتووری کۆمەڵایەتی کورد لەڕابردوودا هاندەر نەبووە بۆئەوەی تاکی کورد بیرەوەرییەکانی خۆی بەوردی و ڕاشکاوی بنووسێتەوە. چونکە نهێنی خێزان و بنەماڵەکەی، ئەگەر سیاسیش بووبێت، نهێنی حیزبەکەی ئاشکرا دەکات. ئەوانە بابەتانێکن نووسەرانی بیرەوەرینووس هەتاکوو ئەمڕۆش ناتوانن بەڕاشکاوی قسەیان لەبارەوە بکەن. تێبینی دەکەین چ بەرپەرچدانەوەیەك دروست دەبێت لەلایەنی جیاواز، کاتێك کتێبێك ڕەوتی فیکریی و هەڵوێستی سیاسییەك لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێتەوە (سەلمان، زستانی ٢٧٢٠: ل ٣٠٤). بەنموونە دڵزاری شاعیر دەڵێت:" من زۆر بەهیوام شتێکی تر بنووسم، بەڵام دەرفەتم نییە، سەرباری ئەوەش تۆ ناتوانی هەموو شتێك بنووسی، چونکە لایەکت لێ زویر دەبێ....تاد"(دڵزار، ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦: ل ٤٥). (عەبدولستار تاهیر شەریف)یش دەڵێت:" نووسینەوەی بیرەوەری لە کوردستان، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار جێگای داخە، ڕۆشنبیرانی کورد نەیانتوانیوە خۆیان لە ئەقاری بدەن، لەوانەش ژمارەیەکی زۆریان یاداشتەکانیان نووسیوەتەوە، بەڵام وەك ڕەشنووس ماونەتەوە و بڵاونەکراونەتەوە. ئەمەش وادەکات خاوەن یاداشتەکان تووشی کۆمەڵێك نارەحەتی و کێشمەکێش ببنەوە هەتا دەگات بە لەناوبردنی ژیانیان ئەگەر بێت و بیرەوەریی و یاداشتەکانیان وەك چۆن هەیە و ڕووداوەکان وەك چۆن ڕوویانداوە بەبێ ئەوەی بیخەنە ژێر لێوەوە بینووسنەوە"(شەریف، ٢٠٠٨: ل ٦).

**٦. بیرەوەری دەستنووس**

ژمارەیەکی زۆر لەو یاداشت و بیرەوەرییانەی کە لەو قۆناغەدا نووسراون، هێشتا دەستنووسن و بڵاونەکراونەتەوە، ئەمانە زۆربەیان نووسەرەکانیان کۆچی دواییان کردووە، بەشێکیان کەوتوونەتە لای خەڵکانی تر و بەشێکیشیان لای نەوە و خزم و کەسوکاریان، بەنموونە سانیحەی کچی ئەمین زەکی بەگ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە باوکی لە دوای خۆی پێنج دەفتەری دەستنووسی بەجێهێشتووە، دوو لەو دەفتەرانە بیرەوەریین لەسەر ژیانی خۆی، لەسەر ئەم دوو دەفتەرە نووسراوە(خاطرات) و بە زمانی تورکی عوسمانی نووسراون(ساڵح، ٢٠١٠: ل ٢٢٠ ؛ نەریمان، ١٩٩٤: ل ٦). لە جێگایەکی تردا دەڵێت: باوکم بەسەرهات و بیرەوەری خۆی هەمووی نووسیوەتەوە و پێنج دەفتەری بچووکی دوای خۆی بۆ بەجێهێشتووین، هەموویان بەتورکی عوسمانی نووسراون... ئەو دەفتەرانە لای خۆم پاراستوومن، باسی سەردەمی منالی ئەکات، کە چۆن بەکاروان لە بەغداوە بۆ حەلەب چووە و پاشان لە لازقییەوە بە پاپۆڕ بۆ ئەستەنبوڵ سەفەری کردووە(ساڵح، ٢٠١٠: ل ٢١٣- ٢١٤).

وادیارە ئەمین زەکی لەکۆتایی تەمەنیدا ویستوویەتی بەسوودوەرگرتن لە کەرەستەکانی پێشووتری بە وردی یادداشت و بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە، بەڵام ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە، سانیحە لە چاوپێکەوتنێکدا کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٧٤ دەگەڕێتەوە دەڵێت:" باوکم لە ئاخر و ئۆخری ژیانیدا کەوتە سەر خولیای نووسینەوەی تەواوی یاداشتەکانی خۆی، بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی نا و دوو سێ

لاپەڕەشی بەمن نووسییەوە، بەڵام داخەکەم لەبەر نەخۆشی نەیتوانی لەسەری بڕوات و زوو بەناچاری پشتی تێکرد"(بێ ناوی ئامادەکار: چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سانیحەی کچی ئەمین زەکی بەگ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٢٢٦)، ١٩٧٤/٧/١٢).

**دووەم/ هۆکارە بابەتییەکان:**

سەرباری هۆکارە خودییەکان، کۆمەڵێك هۆکاری بابەتیش هەبوون، کە ڕێگر و لەمپەربوون لەبەردەم نووسین و بڵاوبوونەوەی هەرچی زیاتری بیرەوەرییەکان لەو قۆناغەدا، لێکەوتە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی هۆکارە بابەتییەکان ئەگەر لە هۆکارە خودییەکان زیاتر نەبن بەدڵنیاییەوە کەمتر نین، چونکە جگە لە بوون بەهۆکاری کەمی ڕێژەی بیرەوەرییە بڵاوکراوەکان، هاوکات ئەوانەشی کە بڵاوکراونەتەوە لەبەر زۆر هۆکاری پەیوەست بەم لایەنە کە لە جێگای تری ئەم تێزەدا بەوردی تیشکیان خراوەتەسەر بە کۆمەڵێك کەموکورتی و ناتەواوییەوە چاپ و بڵاوکرانەوە.

ئەگەر ئەو لەمپەرانە نەبوونایە ئەوکات بیرەوەرییەکان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە جیاوازییەکی گەورەی لەگەڵ ئەو بڕە بیرەوەرییەی کە لەو قۆناغەدا نووسراون و بڵاوکراونەتەوە دەبوو، ئەوەش بۆشاییەکی گەورەی لە مێژووی ئەو قۆناغەی گەلی کورد پڕدەکردەوە، هەروەك دەبوونە کەرەستەیەکی خاوی باش بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زۆر لایەن و ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵگەی کوردی.

لەبەرئەوەی کوردستان بەدرێژایی چەندین سەدە وڵاتێکی داگیرکراو بووە، داگیرکەرانیش هەمیشە هەوڵیانداوە میللەتانی ژێردەست لەڕابردووی خۆیان دابڕن، تا بیر لە ڕابردووی خۆیان نەکەنەوە، چونکە مێژوو و شوێنەوارەکانی هەر میللەتێك دەبنە هۆی دامەزرانی بیری نەتەوەیی و دروستکردنی گیانی بەرەنگاری لەگەڵ داگیرکەران، دەزانن بەوە هەستی شانازی لەلای گەلی ژێردەست دروست دەبێ و شۆڕش و ڕاپەڕین بەرپادەبێ، لەبەرئەوە حکومەت بەهەموو جۆرێك هەوڵی دەدا تاکی کورد لە مێژووەکەی دابڕێت و دووری بخاتەوە (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٨).

بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ حکومەت هانی خەڵکی دەدا لەڕێی نووسینەوە بیری نەتەوەیی لە کوردستاندا قەتیس بمێنێ، کوردیش میللەتێکی دواکەوتوو بووە و کولتوور و کەلەپووری تۆزی لەسەر نیشتووە و بڵاونەکراوەتەوە و زۆری لێ فەوتاوە. هەربۆیە لە قۆناغی بەر لە ڕاپەڕین هەوڵدەدرا هۆشیاری بەرامبەر بە مێژوو لەناو کورددا بڵاونەبێتەوە و شوێنەوارەکانی تێکبدرێن و کەس نەزانێ ئەمانە چین و بەڵگەنامە لەناوبچێ و ڕۆشنبیرانی کورد عەقڵیان پێی نەشکێ لە سوتان و لەناوچوون ڕزگاریان بکەن، ئەوەش وایکرد ئەو هەموو ڕووداوە گەورە و چارەنووسسازە لە کوردستاندا ڕوویدات و کەسێکی ئەوتۆش نەبێت لەسەریان بنووسێت (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٣٨).

ڕوونتر بڵێین، بەر لە ڕاپەڕین حکومەت حەزی نەکردووە خەڵکی کورد فێری نووسینی لێکۆڵینەوە بێ (لە بوارێکی بەرتەسکدا نەبێ) و بیر لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە، چونکە یەکێك لە خەسڵەتەکانی داگیرکەر ئەوەیە، هەوڵدەدات دیوارێك لە نێوان میللەتی ژێردەستە و ڕابردووەکەی دروست بکات، بۆئەوەی حەز بە مێژوو و شوێنەری شارستانی خۆی نەکات، لەبەرئەوەی ئەم بابەتانە دەبنە هۆی زیندووکردنەوەی بیری نەتەوایەتی و دژ بە داگیرکەر گیانی بەرگری بەبەری میللەتدا دەکەن و ئەو میللەتە دەکەوێتە سەر بیری شۆڕشکردن، بەوپێیەی ڕابردوو هەستی شانازی لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکات. ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ئەو سیاسەتانەیان بەکارهێناوە و دەهێنن. سرووشتی داگیرکەران وایە میللەتانی ژێردەستە بە بابەتی لاوەکی و ناپێویست و کەم کاریگەر سەرقاڵ دەکەن، کوردی ژێردەستەش وەك میللەتانێك نەبووە دەیان و سەدان ساڵ دەوڵەتی هەبووبێ و کەلەپووری خۆی زیندووکردبێتەوە و هاتبێتە سەر شتی بێگانە، بەدەستی خاڵی لە مێژوو هاتووەتەدەر (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ل ٣٠- ٣١).

دەکرێ لە خوارەوە ئاماژە بەو بەربەستانە بکەین و بۆ هەریەکەیان بەڵگەی مێژوویی بهێنینەوە هەتاکوو لەڕاستی و درووستییان دڵنیابین.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**١.نەبوونی چاپخانە**

بەر لە هاتنی ئینگلیزەکان بۆ باشووری کوردستان جگە لە شاری کەرکوك هیچ شارێکی دیکەی باشووری کوردستان چاپخانەی لێ نەبووە و ڕۆژنامە و کتێبی لێ دەرنەچووە، سۆن کە حاکمی سیاسی سلێمانی بوو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٠ چاپخانەیەکی هێنایە سلێمانی و جگە لە بەکارهێنانی بۆ ئیشوکاری کارگێڕی، ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)یشی پێ دەرکرد، هەمان چاپخانە دواتر ژمارەیەك ڕۆژنامە(ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستیقلال، بانگی حەق) و نامیلکە و کتێبی پێ چاپکرا. دواتر ژمارەیەك چاپخانە هەر لە شارەکانی سلێمانی و ڕەواندز و هەولێر و دهۆك دامەزران و دەستیان بەکارکردن کرد (جەباری، کانوونی دووەمی ١٩٧١: ل ١٧- ١٩ ؛ ئەحمەد، ١٩٨٥: ل ١٥٣- ١٥٩). ئەو چاپخانە و بڵاوکراوانە بوون بەهۆی بوژانەوەی زمان و نووسینی کوردی (عارف، ٢٠٠٢: ل ٢٣). هێنانی چاپخانەش بۆ کوردستان پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کە دەوڵەتە ئەوروپییەکان وەك سرووشتی خۆیان ڕوویان لە هەر ناوچەیەك کردبێ بەتەنگ دامەزراندنی چاپخانە و چاپەمەنییەوە بوون، ئەگەرچی ئەو کارەشیان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا بووە، بەڵام ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە زیندووکردنەوەی هۆشیاری میللەتاندا بینیوە. ڕۆشنبیرانی کوردیش ئەو قۆناغە کۆمەڵانی خەڵکیان هانداوە بۆ پێشوازی لێکردنی ئەم ڕووە نوێیانەی ژیان، دەرکیان بە گرنگی بوونی ڕۆژنامە و خوێندن و خوێندنەوە بە زمانی کوردی وەك مەرجێکی بنەڕەتی لە پێشکەوتنی میللەتاندا کردووە (حەمەسەعید، حوزەیرانی١٩٨٤: ل ٥٣). بەر لەو قۆناغە، بە سەدان زانا و شاعیر و بنووسی کورد کە کتێب و نووسراویان هەبووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی چاپخانەوە بەتێپەڕبوونی کات بەهۆکاری جیاواز لەناوچوون، خۆ ئەگەر ئەو میراتە گەورەی کورد لەڕێی چاپەوە بپارێزرایە و بمایەتەوە، ئێستا کتێبخانەی کوردی خاوەنی ئەرشیفێکی گەورە بوو (حسەینی، ٥ی حوزەیرانی ٢٠١٤: ل ١١٦).

بەکورتی، نەبوونی چاپخانە لە باشووری کوردستان هەتا سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو و کەمی ڕێژەیان هەتا کۆتایی نیوەی یەکەمی ئەو سەدەیە وایکردبوو کە هیچ جۆرە ڕۆژنامە و کتێبێك لە دوو دەیەی یەکەم و ڕێژەیەکی کەمی کتێب تاکۆتایی نیوەی یەکەم چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

وەك د.کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆ دەکات، لە نێوان ساڵانی (١٧٨٨-١٩٢٤) تەنها (٢٥) کتێب بە زمانی کوردی چاپ کراون، کە هیچ یەکێك لەو کتێبانە پەیوەندیان بە مێژووەوە نەبووە، لە ساڵانی (١٩٢٤-١٩٢٩)یش تەنها (٢٣) کتێب بە زمانی کوردی چاپکراوە. لە ساڵانی (١٩٣٠-١٩٤٥) هەموو بەسەر یەکەوە (١٨٤) کتێب بە زمانی کوردی چاپکراون، لەو ڕێژەیە تەنها (١٣)یان بۆ باسی مێژوو تەرخانکراوە، لەو (١٣)یە (٨)یان بەرهەمی(٣) حوسێن حوزنی موکریانین، واتە زیاتر لە نیوەیان حوزنی دایناون (ئەحمەد، ٢٠٠٧: ل ١٤٠- ١٤١) هەروەك نووسینەکانی ئەمین زەکی بەگیش بەشێکن لەو کتێبە مێژووییانە(زەکی، ١٩٨٤: ل٥٦- ٥٧). ئەدمۆنزیش لە نووسینێکیدا کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٩٤٥ دەگەڕێتەوە سەرنجی ئەوەی داوە هەتاکوو ئەوکاتە ڕێژەی نووسەرانی کورد زۆر کەم بووە، ناوبراو دەڵێت:" بەیەکەم لێ وردبوونەوە وەها دەردەکەوێت کە موئەلیفەکانی کورد زۆر کەمن لەم چاخەدا"(ئەدمۆنس، تشرینی دووەمی ١٩٤٥: ل٥٤). ئەگەر ئەوە بارودۆخی نووسین و کتێبی کوردی بووبێت بەگشتی، بێگومان دەرخەری باری کڵۆڵ و هەژاری نووسینەوەی بیرەوەریشە لای کوردی باشوور(حاجی خدر، شوباتی ٢٠٢٠: ل٥٢).

هەربۆیە ئەو یاداشت و بیرەوەرییانەش کە ئەو قۆناغە نووسراون، بەهۆی نەبوونی چاپخانە وکۆمەڵێك هۆکاری تر دەیان ساڵ دواتر چاپ و بڵاوکرانەوە، لەوانە یاداشتەکانی عیزەت کاکەیی(کاکەیی، ٢٠١٣) و شێخ لەتیفی حەفید(حەفید، ١٩٩٥). بەشێکیشیان هەتاکوو ئەمڕۆ ڕووناکی چاپیان نەدیوە، لەنێویاندا بیرەوەرییەکانی مەعروف عارف قەرەداخی( دەستنووس، بنکەی ژین).

٢

**.خراپی هەلومەرجی سیاسی**

هەندێك لەو بیرەوەرییانەی کە ئەو قۆناغە نووسراون، بەهۆی خراپی هەلومەرجی سیاسی عێراق و کوردستان دەرفەتی ئەوە بۆ نووسەرەکانیان نەڕەخساوە کە لەکاتی خۆیاندا چاپ و بڵاویان بکەنەوە، بەڵام دواتر بەهۆکاری جیاواز لەناوچوون و فەوتاون (قادر، ١ی تەمووزی٢٠٠٣:

ل ١٤١). دڵدار دەڵێت:" لە ساڵی ١٩٣٨ وەکو ئیمرۆکە دەستم دایە قەڵەم کە بە موناسەبەتی عومری بیست ساڵەم موزەکەراتم تەسجیل بکەم، چوار لاپەڕەم ڕەشکردووە، بەڵام مەوسیمی کۆشش و خۆ بۆ ئیمتیحان ئامادەکردن بووبە نیوەچڵی و بەجێم هێشت. کەچی لە دواجاردا ئەو دەفتەرەی کە موزەکەراتم تێدا نووسیبۆوە گەلێ شتی بە قیمەتی تێدا بوو، لێم ون بوو، نازانم کە کام دەست ئەم خەزێنە بەنرخەی لەدەستدام" (عەلادین، ١٩٨٥: ل ١٢). جاری دووەم وەك خۆی باسی دەکات لە دوا ساڵی خوێندنەکەیدا بووە دەستیکردووەتەوە بە نووسینەوەی موزەکەراتەکانی(عەلادین، ١٩٨٥: ل ١٢). ئەحمەد خواجەش ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەو لە مێژەوە دەستی بە نووسین کردووە، بەڵام بەختی ئەو گیرۆدەی بەختی کورد بووە، لەبری چاپ و بڵاوکردنەوەیان زۆر شارە و شار و کوناوکون گێڕام، تا ناچاری ناشتنی بووم، لەو ماوە دوورودرێژەدا لە خاکدا بەشێکی زۆری، بووبە خۆراکی مشك و سەرلەنوێ کەوتمەوە پێکهێنان(خواجە ،٢٠١٣: ل ٩). لە جێگایەکی تردا دەڵێت:" ساڵی ١٩٦٣ هەلومەرج لەبار نەبوو، منیش هەرچی بەڵگەنامە و ئەرشیفێك کە هەم بوو لە بنمیچی خانوودا شاردمەوە، ڕۆژێکیان ڕوانیم ئاردەدار لە بنمیچەکەوە دێتە خوارەوە، زانیم نووسراوەکانە، دەرم هێنان، سێ مشکی گەورە و شەش مشکی بچووکیان لەنێودابوو(یووسف، ١٩٩٩/٣/٤). (جەلال تەقی)یش سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەڵێت:" کاتێك ئەحمەد تەقی لە ١٩٦٠/١/١٣ کۆچی دوایی کرد، دوو دانە لە یاداشتە دەستنووسەکەی بەجێمابوو، یەکێکیان پەڕاوێکی بژاردەکراوی ئامادە و ئەوی تریان یەکەم دەستنووسی، یان بڵێین یەکەم مسوەدە بوو، کە لەسەر چەند پەڕەیەکی جیاجیا نووسیبوویەوە، داخی گرانم لە ساڵی ١٩٦٤دا و لەبەر نەبوونی یەکێکی وا لە ماڵەکەدا کە پارێزگارییان لێ بکات لەگەڵ زۆر پەڕاوی بەنرخی تردا دانە ئامادەکراوەکەی فەوتابوو. باش بوو پێش ڕۆیشتنم بۆ دەرەوەی عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ دانە پەڕەپەڕەکەیانم خزاندبووە کونەدیوارێکەوە و سواغم دابوو، بەمە لەلەناوچوون ڕزگاری ببوو"(تەقی، ١٩٧٠: ل ٦). ئەم حاڵەتە نووسەرێکی دیاری وەك شاکر فەتاحی لێ بەدەر نەبووە، بەهەمان شێوە ئەمیش بەشێکی زۆر لە دەستنووسەکانی لەناوچوون و فەوتاون(فەتاح، ٢٠٠٣: ل ١٦).

**٣. سانسۆرکردن**

لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا ئەگەر کەسێك بیویستایە کتێبێك چاپ بکات، دەبوو کتێبەکەی نیشانی لایەنێکی سوپایی پێ سپێردراو بدرایە، بەتایبەت ئەگەر ڕۆژگاری شەڕ و هەرای ناوخۆ و دیوانی عورفی بووایە، دەبوو لەو لایەنەوە مۆڵەتی چاپکردنی پێ بدرایە، خۆ ئەگەر ئەوان مۆریان بۆ نەکردایە کتێبەکە ڕووناکی چاپی نەدەبینی. بەڵام ئەگەر بارودۆخ ئاسایی بووایە بەبێ گرفتێکی ئەوتۆ کتێبەکە چاپ دەکرا، دوای چاپکردنیشی چەند نووسخەیەکیان لێ دەنارد بۆ لایەنی ئەرشیفیی و دادوەریی و پۆلیسی دەوڵەت. ئەوکات لایەنێکی پێ سپێردراو بەم بابەتە هەبوو کە سەر بە بەڕێوەبەرێتی گشتی پروپاگەندە(مديرية الدعاية العامة) بوو لە وەزارەتی ناوخۆ، ئەوان تەماشای کتێبەکەیان دەکرد، کتێبەکە هەرشتێکی نایاسایی تێدابووایە یاخود لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەت نەگونجایە لە ڕێگەی دادخوایی گشتی(مديرية العام)ەوە سکاڵا لەسەر بنووسەکەی تۆمار دەکرا و ڕووبەڕووی دادگا دەکرایەوە، لەم حاڵەتەدا نووسەرەکەی بەکۆکردنەوە و قەدەغەکردنی کتێبەکەی لە بازاڕدا و زیندانیکردنی سزا دەدرا. ئەم ڕەوشە هەتاکوو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ درێژەی کێشا، لەدوای ئەم گۆڕانکارییە بەناوی پاراستنی شۆڕشەوە، دیوانی عورفی لە سەرانسەری عێراق دانرا. لەوکاتەوە کتێب چاپکردن بۆ هەمیشە کەوتە ژێر سانسۆر، چاودێریکردنەکەی بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندن سپێردرا، لەو ڕۆژەوە لە چاپدانی کتێب بەبێ مۆڵەتی (رقابة / سانسۆر) قەدەغەکراو بۆ هیچ چاپخانەیەك نەبوو کتێب لە چاپ بدات ئەگەر مۆرێکی (رقابة)ی بەسەرەوە نەبێت. ئەم حاڵەتە هەتاکوو ڕووخانی حکومەتی عێراق (٢٠٠٣) بەردەوام بوو، سانسۆر بوو بە بار بەسەر مێشك و قەڵەم و وێران و زاتکردنی نووسینی بنووسەوە.

لەبارەی کاریگەری ئەم بابەتە لەسەر نووسەران، محەمەدی مەلا کریم دەڵێت: "بەدرێژایی ئەو ماوەیە چەندین جۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرە ڕوویانداوە کە بێگومانم ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبەکان جێی خۆیان دەدۆزنەوە و نەوەکانی لەمەوپاشمان بەزەییان بە باوباپیرانماندا دێتەوە و دەڵێن هەر خوا یارمەتی داون، ئەگەرنا چۆنیان توانیوە لەو بارودۆخەدا بیر بکەنەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و بنووسن و بەروبوومی ڕۆشنبیری بهێننە بەرهەم"، لە درێژەدا دەڵێت:"جۆری هەڵسوکەوتی (عەهدی بائید) لەچاو ڕەقابەی ئەم (٤٢) ساڵەدا(٢٠٠٠)دا بە (٤٢) ئاو شۆرابوویەوە...". (مەلا کەریم، ٥ی تشرینی دووەمی٢٠٠٠: ل ٢٥٩)

لێرەوە دەکرێت بڵێین، ئەگەر ئەوە ڕەوشی عێراق بووبێت بەگشتی، بەدڵنیاییەوە بۆ کورد زیانەکەی گەورەتر و قەبەتر بووە، هەندێك لەو یاداشتانەی کە لەو قۆناغەدا(١٩٠٠-١٩٩١) نووسران، بەهۆی سانسۆر، ترس یاخود هەر هۆکارێکی تر نەتوانراوە لەکاتی خۆیاندا چاپ و بڵاوبکرێنەوە، بەڵکو چاپکردنیان کەوتووەتە دوای ساڵی ١٩٩٢.

ئەڵبەت زیانەکانی ئەم دواکەوتنە لە چاپ و بڵاوکردنەوە زۆر و جۆراوجۆرن، لەلایەکەوە ئەگەر ئەو یاداشتانە لەکاتی خۆیاندا بڵاوبکرانایەتەوە دەبوو بە هاندەرێك بۆ خەڵکانی دیکە کە ئەوانیش بیرەوەرییەکانی خۆیان بنووسنەوە و بڵاوی بکەنەوە، یاخود خەڵکانێکی زۆری ناو ڕووداوەکانی دەهێنایە قسەکردن و ئەوانیش هەمان ڕێچکەیان دەگرتەبەر، ئەوکات بیرەوەری نووسین دەبوو بە کلتوور، لەو ڕێگەیەوە زۆر کەلێن و لایەنی شاراوەی مێژووی کورد ڕۆشناییان دەخرایە سەر و بەو تەمومژییە نەدەمانەوە، لەلایەکی دیکەوە جۆرێك لە پێشکەوتن لە هونەری یاداشت و بیرەوەری نووسین پەیدا دەبوو. ئەوە سەرباری ئەوەی هەندێك زانیاری هەیە بۆ قۆناغ و سەردەمی خۆی گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هەر جۆرە دواکەوتنێك لە بڵاوکردنەوەی لە بەهاو گرنگی مێژوویی ئەو سەرچاوەیە دێنێتە خوارەوە. سەرباری ئەوانەش بڵاوکردنەوەی یاداشت لەکاتی خۆیدا دەبێتە هۆی وشیارکردنەوەی خەڵکی دەربارەی ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی سەردەم و ئاگاداربوون لە وردەکارییەکانی ڕووداوەکان لە دەمی ڕوودانیاندا.

سانسۆر نەك هەر کتێب، بەڵکو هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریی و هونەری گرتبوویەوە، لەوانە کتێبی مێژوویی و وتار و لێکۆڵینەوە و هۆنراوە و گۆرانی و شانۆ و فیلم...هتد، دەزگا تایبەتەکانی تایبەت بەم بوارە بەهاوکاری دەزگا ئەمنییەکان بواریان نەدەدا هیچ شتێك بڵاوببێتەوە، کە بە مەترسیان بزانیایە بۆ سەر حکومەتی عێراق. سانسۆریش لەسەر کتێب، لە ڕەتکردنەوەی کتێب بۆ چاپکردن دەستی پێ دەکرد، هەتا بە گۆڕینی ناونیشانی کتێب و لابردن و ڕەشکردنەوەی هەندێك لاپەڕە و پەرەگراف و دەستەواژەی نێو کتێبەکان دەگەیشت، جاری واش هەبوو گرتن و زیندانیکردن تارادەی مەرگی نووسەری بەدوادا دەهات، ئەو فشارانەش وایکرد نوسەرانێکی زۆر لە کاری نووسین دووربکەونەوە و ڕوو لە کار و پیشەی دیکە بکەن (خوێندەواریێ، ئازاری ٢٠٠٠: ل ٢٣٣- ٢٣٥). ئەڵبەتە لەم ڕووەوە نموونە زۆرە، بەڵام ئێمە ناچارین ئاماژە تەنها بە چەند دانەیەکیان بکەین.

ئەمین زەکی بەگ کە لە سەردەمی پاشایەتیدا چەندین جار پۆست و پلەوپایەی وەرگرتووە، (دوو تەقەلای بێ سوود)ەکەی هەر لە چاپخانەدا دەستی بەسەردا گیراو ڕێگەی بڵاوکردنەوەی نەدرا (زەکی بەگ، ١٩٨٤: ل ١٠- ١١). دڵزاری شاعیر جگە لە فەوتان و لەناوچوونی شیعرەکانی لە سێ کاتی جیاوازدا بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق و گیران و بەندکردنی خۆیەوە، یەکێك لە بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانیشی هەر لە چاپخانە بە دەردی (دوو تەقەلای بێ سوود)ەکەی ئەمین زەکی ڕۆیشت (دڵزار، ١٩٩١: ل ٤٣- ٤٥). (شەرەفنامە)ش دوای ئەوەی هەژار وەریگێڕاو چاپ و بڵاوکرایەوە(١٩٧٣)، بەهۆی خواستی زۆر لەسەری، ڕژێمی بەعس فەرمانی سوتاندنیدا (مەستوورە، ٢٠٠٥: ل ١٥-١٦). شێخ سەلامی شاعیر سەبارەت بە چاپی دیوانەکەی گووتوویەتی، ئەم کتێبە هەموو شیعرەکانم نییە، بەڵکو بەشێکە لە شیعرەکانم، لە درێژەدا دەڵێت:" لە پاش دوو سێ مانگ کە کتێبەکەیان بۆ هێنامەوە، تەماشام کرد زۆری لێ تەرککراوە، بەڕاستی گەلێکی حەق تەرککردنی نەبوو، بەڵام وادیارە کاك مەحمود زامدار زۆر سڵ ئەکا. مەحمود زامداریش گووتوویەتی: لەکاتێکدا ئەم دیوانە خرایە ژێر چاپەوە هێشتا نۆکەرانی ئیستعمار بەهەموو هێزیانەوە هەوڵی کزکردنی دەنگی ئازادیی و ڕزگارییان دەدا، لەبەرئەوە وەکو بینیتان لە زۆر شوێندا نەمانتوانیوە هەستی شاعیر بخەینە سەر کاغەز" (ئاشنا، ١٩٩١: ل٢٤-٢٥). میرزا مەنگوڕیش یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە لەسەر چاپکردنی یەکەم بەرهەمی بەناوی (هەنگاوێك بۆ سەرکەوتن) شەش مانگ زیندانی و یەك ساڵ چاودێریی خراوەتەسەر ئەوە جگەلەوەی لە پیشەی پۆلیسییەکەی دەرکراوە، دواتریش لەسەر کتێبی (گەشتی ئەستێرەی مەریخ) لە قەڵادزێ وە بۆ تەوێڵە دوورخراوەتەوە و دەست بەسەر کتێبەکەشیدا گیراوە(مەنگوڕی، ٢٠٠٠: ل ب – ت ؛ مەنگوڕی، ١٥ی ئابی ٢٠٠٦: ل١٥). ساڵی ١٩٧٩یش نەوەکانی مارف بەرزنجی

کۆمەڵێك لە شیعرەکانی باوکیان بۆ چاپ ئامادەکرد، بەڵام سانسۆر مۆری قەدەغەکردنی پیا لکاند و بواری چاپکردنیان نەدا (بەرزنجی، ١٩٩٣: ل٣٨).

ئەحمەد خواجە کە بەهۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٦٣وە ماوەیەك لە حامیەی سلێمانی بەندکراوە، وەك خۆی ئاماژەی بۆ ئەکات، دوای ئازادکردنی دەستیکردووە بەڕێکخستنی زانیاریی و نووسینەکانی و پێنج جار نووسیویەتییەوە، هەندێك جار شتی لێ بڕیوە بۆئەوەی حکومەت ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بدات، بەرهەمی ئەو نووسینە هەر سێ بەرگی (چیم دی) بووە، بەڵام وەك خۆی گووتوویەتی ئێستاش(١٩٨١/٧/٣١) هەندێك لەو زانیارییانە ماون و چاپ نەکراون (یووسف، ١٩٩٩/٣/٤).

تەنانەت (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی کە ساڵی ١٩٤١ بەرگی یەکەم و ساڵی ١٩٥٦ بەرگی دووەمی چاپکراوە، دوای ئەوەی پاکیزە ڕەفیق حیلمیی و د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ هەردوو بەرگەکەیان لە یەك کتێبدا کۆکردەوە و لە ساڵی ١٩٨٨دا سەرلەنوێ چاپیان کردەوە، دەزگای سانسۆر ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی نێو ئەو کتێبەی هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا لە سەردەمی پاشایەتیدا هیچ یەکێك لەو شیعرانە سانسۆر نەکرابوون، لەمبارەیەوە محەمەدی مەلاکەریم دەڵێت:" ئەو بەناو شارەزایەی هەڵسەنگاندنی کتێبەکە و سانسۆرکردنی ئەوی پێ سپێردراوە، لەکاتێکدا کە ئیشارەتی بۆ پێویستی ڕاستکردنەوەی هیچ کام  لە هەڵە زۆر و زەقەکانی چاپی یەکەمی کتێبەکە نەکردووە، بۆ ئەرکە سانسۆرییەکەی ئەوەندە ورد و لەسەرێ و بۆزەن بووە، هەر دێڕێك و پارچەیەك و لاپەڕەیەکی لەگەڵ ئەو واتای(خراپ)ەی لە مێشکیدا هێلانەی کردووە، گونجاو و هاوجووت هاتبێتە بەرچاو، دەستبەجێ مقەستەکەی دەمکراوە و ئامادە بووە بیقرتێنێ و قرتاندووشییەتی..... هتد" (مەلاکەریم، ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠: ل ٢٦٠).

لەوەش زیاتر هەتاکوو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی١٩٥٨ ڕۆژنامەنووسی سیاسی کوردی لە عێراقدا ئازاد نەبوو(محەمەد، ٢٠٠٤: ل ١٢٤). ئەوەش وایکردبوو ڕۆژنامەنووسی کوردی، ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و دەمکوتکردنەوە و داخستن ببێتەوە بەتایبەتی؛ ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگ و دیاریکراویان لە خەباتی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا هەبوو (ڕەسوڵ، ١٩٨٧: ل ٧٥)، بەنموونە، (مەجید یەعقوبی) موتەسەڕیفی سلێمانی، بۆ خۆی چاودێری وتارەکانی نێو ڕۆژنامەی (ژیان) بووە، جاروبار ڕێگەی بڵاوبوونەوەی وتارە مێژووییەکانی ساڵح قەفتانی نەدەدا(ئەحمەد، ٢٠٠٧: ل ١٢٤). تەنانەت دوای دوورخستنەوەکەی پیرەمێرد بۆ هەولێر لەسەر بابەتی کردنەوەی ئاگری نەورۆز لە سلێمانی، مەجید یەعقووبی ئەحمەد شوکری ڕاسپاردبوو کە ڕۆژنامەی(ژیان) بەڕێوە ببات، بەڵام بەو مەرجەی بەر لە چاپکردنی هەر ژمارەیەك ئەو بیبینێ و چاوی پێدا بخشێنێتەوە(شوکری، ٥ی ئایاری ١٩٩٨: ل ٧٥). ئەو ڕەوشە سەرئێشەی زۆری بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردی دروستکرد و ڕووبەڕووی کۆسپ و تەگەرەی زۆری کردەوە(ڕەسوڵ، ١٩٨٧: ل ٧٥).

بەکورتی؛ ئەم ڕەوشە ڕەوتی ڕۆشنبیری لە باشووری کوردستان ڕووبەڕووی گیروگرفتی گەورە کردبوویەوە، وەك دەرەنجامێکی ئەو سیاسەتی خەفەکردن و تۆقاندنەی کە ڕژێمەکانی عێراق(پاشایەتی و کۆماری) لە بەرامبەر گەلی کوردا گرتبوویانەبەر(ڕەسوڵ، ١٩٨١: ل ٨). ئەگەرچی دوای بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کە حکومەتی عێراق بەشێك لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی سەلماند و هەندێك دامودەزگای ڕۆشنبیری کوردی دامەزران، ئەو دامودەزگایانە دەستیان بە بڵاوکردنەوە و یارمەتیدانی بەرهەمی ئەدیبان و نووسەرانی کورد کرد کە هەتاکوو ئەوکات هەلێکی لەباری وایان بۆ هەڵنەکەوتبوو، ئەوەش وایکرد بازاڕی چاپەمەنی جۆرەها چاپکراوی کوردی و عەرەبی تێدا بڵاوببێتەوە دەربارەی بابەتەکانی مێژوو، کەلەپوور و ئەدەب و زمانی کوردی(ڕەسوڵ، ١٩٨١: ل ٩)، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە یاداشت و بیرەوەری نووسین لەم ماوەیەشدا هەر بە کزی مایەوە و شتێکی ئەوتۆ نەنووسرا، یان ڕاستتر ئەوەیە بڵێین دەزگای سانسۆر بەسەر زۆر بابەت لەنێویاندا کتێب و نووسینە مێژووییەکان هەر دانەخرا، ئەوەش بوو بە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم چاپ و بڵاوکردنەوەی زۆر کتێبدا، بەشێوەیەك هەندێکیان هەتاکوو دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕووناکی چاپیان نەبینی. بەنموونە کەمال نووری مەعروف دەڵێت:" ساڵی ١٩٨٣ حەلاوەخانی خێزانی شێخ لەتیفی حەفید کۆمەڵێك ئەوراقی جیاجیا و ژمارەیەك دەفتەری بچووکی پێدام بۆ ئەوەی ساغیان بکەمەوە و ئامادەی بکەم بۆ چاپ، کە هەندێکیان بە عەرەبی نوسرابوون، ئەوانە ڕەشنووسی یاداشتەکانی شێخ لەتیف بوون. دوای نۆ مانگ کارکردن تیایاندا

توانیم کارەکە بە ئەنجام بگەیەنم و بیدەمەوە دەست حەلاوەخان، ئەویش بردی بۆ بەغدا بەوهیوایەی ڕەقابەی بکات و بەچاپی بگەیەنن، ئەوکات ڕەقابەکردنی کتێبی کوردی لە (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) بوو، دوای ماوەیەك حەلاوەخان ئاگادار کرابوویەوە، کە ڕەزامەندی وەرنەگیراوە بۆ چاپکردنی، بەوبیانووەی یاداشتەکان لەگەڵ ڕاگەیاندنی میریدا ناگونجێت" (حەفید، ١٩٩٥: ل ١٢).

لەڕاستیدا، مەترسی نووسینەوەی بیرەوەری هەم شارییەکان و هەم ئەوانەشی گرتبوویەوە کە لە شاخ بوون، شارییەکان تەنانەت ئەوانەشیان کە نزیك بوون لە بەعس یاخود کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو لەگەڵ ڕژێمەکەدا، بوێری ئەوەیان نەدەکرد، کە بیرەوەری خۆیان بنووسنەوە، وەنەبێ ڕەوشەکە لە شاخ زۆر باشتر بووبێ، لەلایەك بەهۆی مەترسییەکانی ڕژێمەوە، چونکە بیرەوەرییەکان ناوی کەس و شوێن و کۆڕ و کۆبوونەوە و نهێنییەکانی تێدا دەبرێت و ئاشکرا ئەکرێت، ئەوەش مەترسی گەورەی لەسەر کۆی بزووتنەوە چەکدارییەکە دروست دەکرد، لەلایەکی دیکەوە حیزبی کوردی لەو قۆناغەدا هێندە کراوە نەبوو، کە ڕەخنە و سەرنجی نەك خەڵکی ئاسایی، بەڵکو ئەندامانی خۆشیان قبوڵ بکەن، ڕوونتر بڵێین، تارمایی دیکتاتۆریەتی بەعس لە شاخیش بوونی هەبووە، هەربۆیە بەدەگمەن پێشمەرگە یان فەرماندەیەکی سەربازیی و سیاسی حیزبە کوردییەکان دەدۆزینەوە کە بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیبێتەوە، تەنها دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەو دەرفەتە هاتە پێشەوە کە خەباتگێڕانی شاخ بتوانن یاداشت و بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە (ناوخۆش، ٢٠٢١: ل ١٨٥).

### ٤. نەبوونی هیچ دامەزراوە و ناوەندێك کە پاڵپشتی ئەم جۆرە نووسینانە بکات

ئەم حاڵەتە وایکردبوو بەشێك لە نووسەرانی یادداشت و بیرەوەری پشت بەتوانای ماددی خۆیان یاخود کەسانێکی دۆست و هاوڕێ ببەستن بۆ چاپکردنی کتێب و بڵاوکراوەکانیان (نەریمان، کانوونی یەکەمی١٩٧٥: ل ١٤ ؛ چیاووگ، ٢٠٠٨، ل ١١). بەپێی گێڕانەوەکانی د.مارف خەزنەدار، ڕەفیق حیلمی لە کیسەی خۆی (یاداشت)ی چاپ کردووە (خەزنەدار، ٥ی ئازاری١٩٩٩: ل ١٤) ، سانیحەی کچی ئەمین زەکی بەگیش لە زاری دایکییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" ئەم پیاوە لە وەزارەت دێتەوە و دەچێتە ژوورێکەوە و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات و خەریکی خوێندنەوە و نووسینە. ئێمەی هەر هەموو بۆ کتێب فەوتاند، کتێبیش هیچ سوودێکی بۆی نەبوو. ئێمە کات و مەسرەفی چاپی کتێب لە گیرفانی خۆمان دەبێ بکەین و تەنیا سەرئێشە و ماندووبوونمان بۆ دەمێنێتەوە" (سالح، ٢٠١٠: ل ٢١٢). ئەحمەد خواجەش دەڵێت:" لەمێژەوە دەمویست ئەم نووسراوەم لە زنجیرەی چیم دی، (کورد چی دی) چاپ بکەم، بەڵام داخەم، ئیستەش بە جەستەی نووسەرانی پێشوو دەستی هونەرمەندانمان لەبێهێزی گیرفان، کەلەپچە کراوە و بەروبووم بە ناکامی دەمێنێتەوە و زۆری دەبێت بە خۆراکی مشك و مێروو و لە نەسرمەکاندا پووکاوەتەوە(خواجە، ٢٠١٣: ل٢٣٤). هەرچی مارف جیاووکە کاتێك باسی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی(کارەساتی بارزانی زوڵملێکراو)دەکات، دەڵێت:" لەپێناو کەمکردنەوەی بڕی تێچووی چاپەکەیدا، ناچار بووە ناوەڕۆکی کتێبەکەی کورتبکاتەوە" (چیاووك، ٢٠٠٨: ل١١).

لێرەوە دەتوانین بڵێین، بیرەوەرییەکان لەبەرئەوەی زانیاری مێژوویی زۆر لەخۆدەگرن کە ئەوەش دڵخوازی ڕژێمەکانی عێراق نەبووە، هەروەها بەهۆی ئەو لەمپەر و ڕێگرییانەی لەڕێگەی دەزگای سانسۆرەوە کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوە کوردییەکان لەنێویاندا یاداشت و بیرەوەرییەکان دروستکراوە، لەو قۆناغەدا کە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە ژمارەیان زۆر کەمە و ناتوانرێت بەراورد بکرێت بەو هەموو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی کە لەو قۆناغەدا بۆ کورد و جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەی لە باشووری کوردستان هاتوونەتە پێشەوە.

## دەرەنجام

بەوردبوونەوە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە لە قۆناغی ئاماژە پێدراودا بیرەوەرییەکانی بە ژمارە کەم و لەڕووی ناوەڕۆکەوە هەژارن، هەروەك کەموکورتی دیکەشیان زۆرە. ڕوونتر بڵێین، ژمارەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی نێویان هەرگیز ناتوانرێت بەراورد بکرێت بەو هەموو ڕووداو بەسەرهاتانەی کە بەسەر کورد و جوڵانەوە ڕزگاریخوازییەکەیدا لە سەدەی ڕابردوودا هاتووە.

هۆکارەکانی ئەم بابەتەش زۆر و جۆراوجۆربوون و دابەش بوون بەسەر هۆکارە خودیی و بابەتییەکاندا، بۆ هەریەکەشیان ژمارەیەك نموونە بۆ

بەرچاو ڕوونی زیاتر هێنراوەتەوە، ئەوەش زیانێکی گەورەی بە مێژوو و فەرهەنگی کورد لەو ماوە مێژووییە هەستیارەی گەلی کورد گەیاندووە، زیانێك کە قەرەبووکردنەوەی زۆر قورس و ئەستەمە، بەشێوەیەك ئێمە لەبری پشتبەستن بە بیرەوەریی بنووسانی کورد کە وەك یەکێك لە سەرچاوە ڕەسەن و پڕ بایەخەکانی نووسینەوەی مێژووی هەر گەلێك تەماشا دەکرێت، ناچارین بۆ نووسینەوەی مێژووی خۆمان پشت بە نووسینی داگیرکەران و بێگانەکان لە جۆری یاداشت و بیرەوەریی و بەڵگەنامە ڕەسمیی و ناڕەسمییەکانی ئەوان ببەستین، ئەوەش دنیایەك سەرئێشە و ئاریشەی بۆ مێژوونووسانی کورد دروست کردووە، بەوحاڵەشەوە هێشتا هۆکارەکانی ڕوودانی زۆر ڕووداو و گۆڕانکاری لەبەر نەبوونی سەرچاوەی ڕەسەن و خۆماڵی لە نموونەی بیرەوەرییەکان بەناڕوونیی و لێڵی ماونەتەوە و ئەو زانیارییانەی کە لەبەردەستن کەموکورتییان زۆرە و تینوێتی مێژوونووسان ناشکێنن.

## پەراوێزەکان

(١) بەنموونە بڕوانە ئەم سەرچاوانە: سێر ئارنۆڵد وڵسن: شۆڕشەکەی عێراق لە ماوەی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێڕانی. سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢ ؛ سیسیل جۆن ئیدمۆندس: کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، بێ شوێن و ساڵی چاپ ؛ کورد لە نامەکانی مس بێڵ دا، وەرگێڕانی. محەمەد تۆفیق حەمە ساڵح، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، ٢٠١٦ ؛ کورد عەرەب بەریتانییەکان (بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان١٩١٩-١٩٢٩)، وەرگێڕانی. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٨ ؛ مس بیل: فصول من التاريـخ العراق القريب (كتاب يبحث عن العراق في العهد الاحتلال البريطاني بين السنتي ١٩١٤ و١٩٢٠)، ترجمة: جعفر الخياط،طبع بمساعة وزراة التربية والتعلم، ١٩٧١ ؛ د.جی.ئێم. لییز: دوو ساڵ لە باشووری کوردستان، وەرگێڕانی فیرۆز حەسەن عەزیز، چاپی یەکەم، کوردستان، ٢٠١٩.

(٢) ناوی تەواوی تەها ئەحمەد ساڵحە، ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە سلێمانی تەواوکردووە. ١٩٥٨ بڕوانامەی لیسانسی لە کۆلیجی حقووق لە بەغدا وەرگرتووە. سەرەتا پارێزەریی کردووە، پاشان وەزیفەی یاسایی لە فەرمانگەی چاککردنی کشتوکاڵی سلێمانی دیوە، تا ١٩٨٢ کە خانەنشینبووە و دیسان کەوتووەتەوە کاری پارێزەری. ساڵی ٢٠٠٠ وەک دادوەرێکی پلەی یەکەم چووەتە مەیدانی دادوەریی و پلەی بەڕێوەبەری گشتیی دادی هەرێمی کوردستانی پێ سپێردراوە. پاشان ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە ئەندامی دەستەی پێداچوونەوە و جێگری سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق، تا لە ٢٠١٢دا خانەنشینکراوە. تەها بابان، چالاکێکی بواری شانۆی کوردییە و بە نووسین و نواندن بەشداریی تێدا کردووە. سەرەتای حەفتاکان، خەلاتێکی شانۆیی بەناوی "خەڵاتی بابان"ەوە داهێناوە و ماوەی چەند ساڵێک ساڵانە بەخشیویە بە هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو. کۆمەڵێک نووسینیشی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی پێش و پاش ڕاپەڕیندا بڵاوکردووەتەوە. بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بە کتێب: فریشتەکانی سەرزەمین- سەبارەت بەو کەسانەیە کە خزمەتی کۆمەڵی خۆیان کردووە، موعجیزە- ڕۆمانێکە لە ئەدەبی بەرگریی کورد دژ بە داگیرکەران، نەزار قەبانی، هەڵبژاردەیە لە چوار کتێبی پەخشانی ئەو زاتە، فریدریش دۆرنمات، زاناکانی سروشت- شانۆنامەیەکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە، کۆستی شارێک- توێژینەوەیەکی مەیدانیی بەڵگەنامەییە سەبارەت بە بۆردومانی ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ی شاری قەڵادزێ، نوروز أو حكاية عيد قومي، عالم الكرد المرعب- بنکەی ژین بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانی بڵاوی کردووەتەوە، چەپکێک ڕۆشنبیری، ٣ بەرگ- کۆکراوەی سەرجەمی ئەو نووسینانەیە کە پێشتر بڵاوی کردوونەتەوە، یا هێشتا بڵاونەبوونەتەوە. بەرگی چوارەمیشی ئامادەیە و بەڕێوەیە بۆ بڵاوبوونەوە. بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی: هل كان عواد بندر قاضيا أم جلادا؟ ، عندما تتحول محكمة جنائية الى حقل للدواجن، دێی مەرگە- ساغکردنەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە.

https://l.facebook.com/l.php?u=http%3A%2F%2Fzheen.org%2F%25DA%2595%25DB%258E%25D8%25B2%25D9%2584%25DB%258E%25D9%2586%25D8%25A7%25D9%2586%25DB%258C-%25D9%2585%25D8%25A7%25D9%2585%25DB%25


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

86%25D8%25B3%25D8%25AA%25D8%25A7-%25D8%25AA%25DB%2595%25D9%2587%25D8%25A7-%25D8%25A8%25D8%25A7%25D8%25A8%25D8%25A7%25D9%2586%2F%3Ffbclid%3DIwAR2stC556D5EHT4cX3YRgbMh6iAMAE_Kz7f_Jx4N9tYjI6MP0EY1G_l-x14&h=AT3LtSR2Seo3qVzImY9uzcapH7AU-VlBYaWRake2askmGpRm_YwcuEsyQySZ--cVxVArRFOOK2WtC2pj0hdZttitW4yartc-lKp5rcuMB8aVeaQAeV0yMdCPcqj_RWT4wb9SIw

(٣)ۆفیق وەهبی لەکاتی خۆیدا ڕەخنەی زۆری لە ناوەڕۆکی کتێبە مێژووییەکانی حوسێن حوزنی گرتووە، لەمبارەیەوە باسی چاوپێکەوتنێکی خۆی لەسەر ئەو بابەتە لەگەڵ حوزنی دەکات و دەڵێت: ”حوزنی پێی وتم مێژووی وڵاتانی دیکەش هەروا نووسراوەتەوە، منیش دەمەوێ لەسەر ڕێ و شوێنی ئەوان بەڕێگادا بڕۆم ... پێم گووت ئەوە ڕاست نییە، چونکە لەدوا ڕۆژدا خوێندەواری زۆر زرنگ و وریا و بلیمەت هەڵدەکەون و ئەکەونە لێکۆڵینەوەی ئەو باسەت، ئەوسا لە هەرچییەك کە نووسیوتە دەکەونە گومانەوە. وتی کە هات و خوێندەواری وا هەڵکەوت کە بگەنە ڕاستی، ئەوسا با شتەکانی کە من نووسیومەتەوە پووچ بکرێنەوە، من دەمەوێ سەرە گوریسێ بدەمە دەست خەڵك!”. (هاوار، ٢٠٠٧: ل٥١٣- ٥١٤)

## سەرچاوەکان


.وڵسن، ئارنۆڵد، ٢٠١٢، شۆڕشەکەی عێراق لە ماوەی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێڕانی. سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.



سەرچاوەکان

.وڵسن، ئارنۆڵد، ٢٠١٢، شۆڕشەکەی عێراق لە ماوەی داگیرکاری بەریتانیا بۆ عێراق و کوردستان، وەرگێڕانی. سەرمەد ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.



.عەبدولواحید، ئازاد، ٢٠٠٥، گەشتێك بەناو(مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار) هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

.ڕەسوڵ ، ئیسماعیل، ١٩٨١، چەند باسێك دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، دارالحریة للطباعة، بەغدا.

.دڵزار، ئەحمەد، ١٩٩١، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، بەشی یەکەم و دووەم، ستۆکهۆڵم.

.لییز، د.جی.ئێم.، ٢٠١٩، دوو ساڵ لە باشووری کوردستان، وەرگێڕانی فیرۆز حەسەن عەزیز، چاپی یەکەم، کوردستان.

.خواجە، ئەحمەد، ٢٠١٣، چیم دی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

.تەقی، ئەحمەد، ١٩٧٠، خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا، ئامادەکردنی جەلال تەقی، چاپخانەی سلمان الاعظمي.

.ڕەشە، ئەکرەمی ساڵحی، ١٩٨٧، شاری سلێمانی(٢٠٠ ساڵ)، بەرگی یەکەم، دارالحریة للطباعة.

.ئاشنا، ئومێد، ١٩٩١، دیوانی شێخ سەلام، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، سلێمانی.

.نەجمەدین، پشکۆ، بێ ساڵی چاپ، ئەزموون و یاد ئاڵای شۆڕش و حیکایەتەکانی زیندان، ب١و٢، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕەنج، بێ شوێنی چاپ.

.عارف، حسێن، ٢٠٠٢، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا ساڵان(١٩٥٥-١٩٨٨)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

.سالح، ڕەفیق، ٢٠١٠، چی لەبارەی ئەمین زەکی بەگەوە نووسراوە، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، سلێمانی.

.حیلمی، ڕەفیق، ١٩٥٦، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم.

.ئەمین، زیاد ئەحمەد (ئامادەکردن)، ٢٠١٢، بیرەوەرییەکانی مچە مەرگەیی لەنێو خاوادەی شێخ مەحمودی حەفیددا، چاپی یەکەم،

چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
. ئەبوبەکر، سەدرەدین نوورەدین، ٢٠١٢، هونەری یادەوەری تۆمارکردن، هەر بابەتێك ئاوڕێك، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر.
. ناوخۆش، سەلام، ٢٠٢١، من نووسیم تۆ نەتخوێندەوە(بیرەوەری شار ١٩٦٩-٢٠٢١ و ئەزموونی نووسین ١٩٨٧-٢٠٢١)، کتێبی دووەم، چاپخانەی تاران.
. ئیدمۆندس ، سیسیل جۆن، کورد تورك عەرەب، وەرگێڕانی حامید گەوهەری، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر، بێ شوێن و ساڵی چاپ.
. فەتاح، شاکر، ٢٠٠٣، ئاوێنەی ژیانم(سەرجەمی بەرهەکانی شاکر فەتاح)، کتێبی یەکەم، ڕێکخستن و لێکۆڵینەوەی ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
. حەفید، شێخ لەتیفی، ١٩٩٥، یادداشتەکانی شێخ لەتیفی حەفید لەسەر شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید، ساغکردنەوەی کەمال نوری مەعرووف، چ١، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان.
. بێکەس، شێرکۆ، ٢٠١٣، نووسین بە ئاوی خۆڵەمێش ژیاننامە و بیرەوەری، ب١، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس، چاپخانەی کارۆ.
. شەریف، د.عەبدولستار تاهیر، ٢٠٠٨، ململانێ لەگەڵ ژیاندا(١٩٣٥-١٩٧١)، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، کەرکوك.
. یوسف، عەبدولڕەقیب، ١٩٨٥، بانگەوازێك بۆ ڕووناکبیرانی کورد لەپێناو کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی هاوسەر، کاپخانەی کامەرانی، سلێمانی.
. عەلادین، عەبدولخالق، ١٩٨٥ ، دڵدار شاعیری شۆڕهشگێڕی کورد، دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد.
. کاکەیی، عیزەت، ٢٠١٣، ئامادەکردنی د.نەوزاد ساڵح ڕەفعەت، چاپخانەی پیرەمێرد.
. لاین، کاپتن، کورد عەرەب بەریتانییەکان (بیرەوەرییەکانی کاپتن لاین لەمەڕ ڕووداوەکانی باشووری کوردستان١٩١٩-١٩٢٩)، ٢٠٠٨، وەرگێڕانی. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
. ئەحمەد، د.کەمال مەزهەر، ٢٠٠٧، مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی دۆست، هەولێر.
. ئەحمەد، د.کەمال مەزهەر، ١٩٨٥، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الأديب البغدادية)، بەغدا.
. هاوار، محەمەد ڕەسوڵ، ٢٠٠٧، بیرەوەری(کوێرەوەریی و بیرەوەری، هۆرەی دەروێشی یاخی، لەگەڵ مامۆستا تۆفیق وەهبیی دا)، ئامادەکردنی: سدیق ساڵح، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی.
. محەمەد، کەمال ڕەئووف، ٢٠٠٤، ئەدەبی نامەنووسینی کوردی، جزمی یەك، چاپی یەکەم، هەولێر.
. ڕیچ، کلۆدیۆس جەیمس، ٢٠٠٢، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان(١٨٢٠)، و.محەمەد حەمەباقی، چ٤، چاپخانەی خانی(دهۆك)، هەولێر.
. جەعفەر، مامۆستا(فازیل کەریم ئەحمەد)، ٢٠٢٠، بە خەونی گەورەوە کەوتینە ڕێ، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.
. بەرزنجی، سامان مارف و عومەر مەعروف، مارف بەرزنجی شەهیدی پشکۆ، ١٩٩٣، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
.کەریم، مامۆستا ڕەشید، ١٩٦٠ ، بیرەوەری(سی و یەك ساڵ لە ژیانی مامۆستایەك)، چاپخانەی ژین.
. سەجادی، مامۆستا عەلادین، ٢٠٢٠، گەشتێك لە کوردستانا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکوردنەوەی کوردستان، سنە.
. حاجی سمایل، مەلا عەولای، ١٩٩٠، سەربردەی ژیانی سیاسیم، بەغداد.
. زێوەر، مەلا عەبدوڵڵای، ١٩٨٥، گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەر، چاپخانەی (شركة مطبعة الاديب البغدادية) بەغدا.
. نەریمان، مستەفا، ١٩٩٤، بیرەوەرییەکانی ژیانم، دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی، دارالحرية للطباعة، بەغدا.

.مەستوورە، ٢٠٠٥، مێژووی ئەردەڵان، و.مامۆستا هەژار، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس.
.زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٤، خولاصەی تاریخی کورد و کوردستان، بەشی(١-٢).
.زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، ٢٠٠٦، تەئریخی سلێمانی وە وڵاتی، بەرگی سێیەم، چاپی سێیەم، سلێمانی.
.زەکی بەگ، محەمەد ئەمین، ١٩٨٤، دوو تەقەلای بێ سوود، سەباحی غالب توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە، چاپخانەی هەڵوێست، لەندەن.
.تۆفیق، محەمەد حەمەساڵح (وەرگێڕان)، ٢٠١٦، کورد لە نامەکانی مس بێل دا، وەرگێڕانی.، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی.
.چیاووگ، مەعروف، ٢٠٠٨، کارەساتی (بارزان)ی زوڵملێکراو، و.ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی(دهۆك)، هەولێر.
.مەنگوڕی، میرزا ئەمین، ٢٠٠٠، بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕوون.
.حەمەباقی، محەمەد، ٢٠١٣، ئەدەب و مێژوو، چەپکێ لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و بەڵگەنامەی مێژوویی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
.دزەیی، موحسین، ٢٠١٥، وێستگەکانی ژیانم، بەشی سێیەم و کۆتایی، و.ئیسماعیل بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
.پیرۆتی، ناسر، ٢٠٢٠، خەباتگێڕێکی پراگماتیست(یادنامەی شەهید میرزا ڕەحمانی پیرۆتی)، چاپی یەکەم، ب.ش.
.ئەمین، نەوشیروان مشتەفا، ١٩٩٧، لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ(دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق١٩٧٥-١٩٧٨)، ب.ش.

**کتێب:**

**عەرەبی:**

.بيل، مس، ١٩٧١، فصول من التاريخ العراق القريب (كتاب يبحث عن العراق في العهد الاحتلال البريطاني بين السنتي ١٩١٤ و١٩٢٠)، ترجمة: جعفر الخياط،طبع بمساعة وزراة التربية والتعلم.

**گۆڤار:**

.نژاد، ایرج پارسی، تابستان ١٣٩٧شمسی، خاطرەنویسی در ایران سابقه ندارد، مجله خاطرات سیاسی، شماره اول.
.عەبدولواحید، ئازاد، ٥ی ئایاری ١٩٩٨، ئەحمەد شوکری سەربازی نەناسراوی چاپخانە و کاری ڕۆژنامەگەری، گ(ڕامان)، ژ(٢٣).
.ڕەسوڵ، ئیسماعیل، ١٩٨٧، چەند کێشەیەکی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ڕوانین و تاقیکردنەوە خۆمدا، گ(ڕۆژی کوردستان)، ژ(٧٤).
.ئەدمۆنس، تشرینی دووەمی ١٩٤٥، مطبوعاتی کوردی، گ(دەنگی گێتی تازە)، ژ(٣).
.ئاشنا، ئومێد، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، ڕەفیق حیلمی و سەرەتای ڕەخنەی زانستی لە ئەدەبی کوردیدا، گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٨).
.سیوەیلی، ئیدریس، شوباتی ٢٠٢٠، ئیسلامییەکان و نووسینەوەی بیرەوەری، گ(خاڵ)، ژ(٢٧).
.سەلمان، بەیان، زستانی ٢٧٢٠، ژیاننامە، خودنووسین و جیاوازییەکانی نێوانیان، گۆڤار تیشك، ژمارە(٥٨)، ساڵی بیست و دووەم.
.بابان، تەها، کانوونی یەکەمی ١٩٧٤، بیرەوەرییەکانتان مەبەنە گڵەوە، گ(بەیان)، ژ(٢٠).
.جەباری، جەبار، کانوونی دووەمی ١٩٧١، چاپخانەکانی کوردستان، گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٥).
.هوشیار، جەودەت، ٥ی ئایاری ٢٠٠٠، پرۆژەی ڕۆشنبیری کوردستانی(دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە)، گ(ڕامان)، ژ(٤٥).
.خوێندەوارێ، ئازاری ٢٠٠٠، چەند دێڕێ لە مێژووی نەنگی سانسۆر لە عێراقدا لە سایەی ڕژێمی حوکمڕانی ئێستادا، گ(پەیڤین)، ژ(٨).
.عەبدوڵڵا، ڕەنگین، ٢٠٢١/٩/١٢، بیرەوەریی و بیری وەریو، کوردستانی نوێ، ژ(٨٤٥٦).

.قادر، زیاد ڕەشاد، ١ی تەمووزی ٢٠٠٣، یاداشت نووسین، گ(ڕامان)، ژ(٧٣).

.سەرنووسەر، ٢٠٠/٣/٥، پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەییمان پێویستی بە یاسایەکە، گ(ڕامان)، ژ(١١٨).

.حسەینی ،سەید سەباح، ٢٠١٤/٦/٥، هەڕاجی کتێبخانەی ئەمانوڵڵاخان(غوڵامشاخان) والی ئەردەڵان، گ(رامان)، ژ(٢٠٥).

.حاجی خدر، شەفیقی، شوباتی ٢٠٢٠، بایەخ و ڕۆڵی یادەوەرییەکان لە نووسینەوەی مێژوودا، گ(خاڵ)، ژ(٢٧).

.ڕەسوڵ، عیزەدین مستەفا، ئازاری ١٩٨١، کەمالی باپیر ئاغا، چەند سەرنجێك و پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەیی، گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٧٩).

.ئەحمەد، د.کەمال مەزهەر، ٢٠٠٠، لە نێوان خواجا ئەفەندی و ئەمین زەکی بەگدا، گ(ڕەنگین)، ژ(١٣٨).

.ئەحمەد، کەمال مەزهەر، ١٩٩٩، دەربارەی وێنەی یاداشتەکانی ئەحمەدموختار بابان و وێنەیەکی سەیر، گ(ڕەنگین)، ژ(١٢٠).

.حیسامی، کەریمی، ٥ی ئایاری ١٩٩٨، ئەوانەی نووسیوومن بەزمانی خەڵك نووسراون نەك بە زمانی ئەدەبی، گۆڤاری ڕامان، ژ(٢٣).

.حەمەسەعید، گوشاد، ئازاری ١٩٨٤، کوردستان و بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە نێوان ساڵانی(١٨٩٨-١٩١٤)(بەشی یەکەم)، گ(ڕۆژی کوردستان)، ژمارە(٦٦).

.خەزنەدار، د.مارف، ٥ی ئازاری ١٩٩٩، ڕەفیق حیلمی لە دەفتەری بیرەوەریدا، گ(ڕامان)، ژ(٣٣).

.دڵزار، مامۆستا ئەحمەد، ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٦، شیعر لای من وەسیلەیە بۆ چاککردنی هەموو بارێك، گ(ڕامان)، ژ(٦).

.نەریمان، مستەفا، کانوونی دووەمی ١٩٧٥، بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لە ساڵەکانی سی دا، گ(بەیان)، ژ(٣١).

.نەریمان، مستەفا، کانوونی یەکەمی ١٩٨٥، توێژینەوەیەك دەربارەی نووسینە تورکییەکانی ڕەفیق حیلمی، گ(ڕۆشنبیری نوێ)، ژمارە(١٠٨).

.مەلاکەریم، محەمەدی، ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، گوناهی ئەم کتێبە چی بوو بەم دەردەیان برد، گ(ڕامان)، ژ(٥٣).

.مەلاکەریم، محەمەدی، ١٩٩٩، بیرەوەریش هەیە و بیرەدەریش هەیە، گ(ڕەنگین)، ژ(١٣٤).

**ڕۆڤار:**

.مەنگوڕی، میرزا محەمەد ئەمین، ٢٠٠٦/٨/١٥، بەشێك لە یادەوەرییەکانم(١٩١٠-١٩٨٨)، ڕۆڤار، ژ(٤١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی ڕەنج.

**ڕۆژنامە:**

.د.ئۆسبۆرن و ساوێر، برایان و ریچارد، ٢٠٢١/٩/١٢، ئایا هەموون دەتوانن ژیاننامە بنووسن، ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژ(٨٤٥٦).

.مەلاکەریم، محەمەدی ، بە دەوری (بەڵگە) و بەڵگە هەڵگرتنەوە، ڕ(پاشکۆی عێراق)، ژ(٧).

.چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سانیحەی کچی ئەمین زەکی بەگ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٢٢٦)، ١٩٧٤/٧/١٢.

.یوسف، عەبدولڕەقیب، ١٩٩٩/٣/٤، بەبۆنەی تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا ئەحمەد خواجەدا، ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٨١٥).

.یوسف، عەبدولڕەقیب، ١٩٨٤/٥/٣، بیرەوەری بەساڵداچووەکان، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە(٧٣٦).

**تۆڕی کۆمەڵایەتی:**

**فەیسبووک:**

https://l.facebook.com/l.php?u=http%3A%2F%2Fzheen.org%2F%25DA%2595%25D-B%258E%25D8%25B2%25D9%2584%25DB%258E%25D9%2586%25D8%25A7%25D9%2586%25DB%258C-%25D9%2585%25D8%25A7%25D9%2585%25DB%2586%25D8%25B3%25D8%25AA%25D8%25A7-%25D8%25AA%25DB%2595%25D9%2587%25D8%25A7-%25D8%25A8%25D8%25A7%25D8%25A8%25D8%25A7%25D9%2586%2F%3Ffbclid%3D-IwAR2stC556D5EHT4cX3YRgbMh6iAMAE_Kz7f_Jx4N9tYjI6MP0EY1G_l-x14&h=AT3LtSR2Seo3qVzImY9uzcapH7AU-Vl-BYaWRake2askmGpRm_YwcuEsyQySZ--cVxVArRFOOK2WtC2pj0hdZttitW4yartc-lKp5rcuMB8aVeaQAeV0yMdCPcqj_RWT4wb9SIw